# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی پێنجەم ژمارە(112) بەرواری 15-12-2021 بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێكدا دەردەچێت




نەغەدە عوسمان" کچەکەی کەژاڵ"
لەدیمانەیەکی تایبەتدا سەبارەت بە ڕۆڵ
و نەخشی سیاسی و جەماوەری ڕابردو
ئێستا و داهاتووی... بۆ بۆپێشەوە
دەدوێت...ل9

## وتەی ژمارە

# هۆکاری جموجۆڵەکانی داعش ریشەی لەکام واقعیەتی سیاسیدایە؟

ن/ سەرنووسەر

ماوەی چەند رۆژێکە جموجۆلی چەکدارانی داعش زیاتر لەپێشتر دەستپێکردۆتەوە. لە زۆرێک لە ناوچە کێشەلەسەرەکان و هێرشیان کردۆتە سەر چەندین گوند و هاوڵاتیانیان ناچار بە چۆڵکردنی دیهاتەکانیان کردووە، چەند هیرشیکیان کردۆتە سەر بنکەو بارەگای چەکداری پیشمەرگەو ژمارەیەکی بەرچاویان لێ کوژراوە.



دەستپێکردنەوەی جموجۆڵی داعش و هێرشەکانی بۆسەر گوندکان، لە هەلومەرجی ئێستادا کەلەلایەکەوە خانەوادەی بۆرژوازی عێراق و سەرقاڵی پێکهێنانی حکومەت و لەلایەکی ترەوە ئەمریکا و ئێران خەریکی گفتوگۆن لەسەر کاراکردنەوە ریکەوتنی ئەتۆمی و ڕیکەوتن لەسەر چۆنیەتی پیکهێنانی حکومەت لە عێراقدا، نیشانەیەکی ئاشکرایە کە ئەم جموجۆڵانە بێ پەیوەند بە دۆخی سیاسی ئێستای عێراق و ململانێی خانەوادەی بۆرژوازی لەسەر چۆنیەتی پیکهێنانی حکومەت، نییە، بەڵکو ڕاستەخۆ پەیوەندی بەهەلومەرجی تازەی عیراقی دوای هەڵبژاردنەکان و هاوکات بە کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکاوە هەیە.

هەڵبژاردنەکانی عێراق، لەسەر ئاستی فەرمیدا هاوسەنگی هێزی بەشێک لە لایەنەکانی گۆرێ. ئەو هیزو لایەنانەی سەر بەئیران بوون و خاوەنی هێزی چەکداری وەکو حەشد بوون پاشەکشەیان پێکرا. رەوتەکانی تر کە پێداگری لەسەر سەربەخۆیی بریاری سیاسی دەکەن و زۆرتر لەژێر تەوژمی ئەمریکاو غەربدان، تا رادەیەک پێشرەویان کرد، ئەمە یەکێک لەو ئالوگۆڕانەیە کە کاریگەری لەسەر دۆخی سیاسی عێراق دەبێت.

ئەو لایەنانەی سەر بەئێران کە پاشەکشەیان کردووە، حەشدی شەعبی وەکو ئامرازی پاراستنی هاوسەنگی هێزی سیاسی خۆیان لە عێراقدا دەزانن و ئامادەنین بەپێی ئاکامی دەنگەکانیان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، بەڵکو دەیانەوێت بەوێنەی هیزێکی

بۆ لاپەڕە 2

# تەرمی نەقیب محەمەد لە مەراسیمێکی شکۆداردا بە خاك سپێردرا!




٩ی ئەم مانگە لە مەراسیمێکی شکۆداردا و بە بەشداری خێزان و هاورێ و کەسوکار و ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرگریکار لە ژنان دژ بەتوندوتیژی، تەرمی نەقیب محەمە بە خاک سپێردرا.

نەقیب محەمەدی لاو... لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکێکی بەڕێوەبەرایەتیەکی دژ بەتوندوتیژی بەرامبەر بەژنان، لە چوارچێوەی بەهانەوە چوون بۆ بە هانابردنی ژنێک، خۆی سێ

بۆ لاپەڕە 3

# کۆشکەکەی سەرۆك و سامانی تاڵانکراو!




بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی" زە ئەمریکان پرۆسپێکت" ئەمریکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، موڵکێکی بە زیاتر لە هەژدە ملیۆن دۆلار، لە ناوچەی گەشتیاری "ساوس بیچ" ی میامی کە دەرمانخانەیەکی شوشەیی لەسەر بیناکراوە، کڕیووە. هاوکات باسی ئەوە دەکات کە بنەماڵەی بارزانی لەڕیگای

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* توندوتیژی بە دژی ژنان بەرهەمی سیستمی سەرمایەداری.....................ل4
* ئەو وڵاتەی کە تیایدا تاوانباران لە جیاتی سزادانیان پەنا دەدرێن.............ل6
* کوشتنی ژن، کوشتنی ژینە..............................................................ل7
* هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق و دەرکەوتەکانی .................................ل7


## دۆسیەی ژمارە" عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکان"



بەڕێزان عادل ئەحمەد و یوسف عوسمان وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەیان داوەتەوە...ل10-11




پرسی رۆژ ل5
پرسی ژن ل7
گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

## درێژەی وتەی ژمارە

سیاسی و کاریگەر کە خاوەنی حەشدی شەعبین بەرخوردیان لەگەڵ بکرێت. ئەوان حەشدی شەعبی وەکو هێزی کاریگەر بۆ بەرگری لە عێراق و سەروەریەکەی!!، وەک هیزی سەربازی بەرووی تیرۆر و داعشدا، دەخەنە روو. ئێستا کەداعش دەستی کردۆتەوە بە جموجۆڵ، ئەو رەوتانەی سەر بەئیران و حەشدی شەعبی وەکو هیزیکی کاریگەر و کارا بەدژی داعش دەخەنە روو، بەوپێیەش پێداگری لەوەدەکەن، کە جیگەو رێگەیان ناتوانرێت نادیدە بگیریت و بەپێی هەڵبژاردنەکانیش جێگە و ڕیگەی سیاسی و سەربازیان پێبدرێت. بەتابەتیش ئەوە لە کاتیکدایە کە ئەو لایەنانەی لە هەڵبژاردنەکاندا خۆیان بەسەرکەتوو دەزانن، بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی هیزە ملیشیاییەکان دەکەن... بۆ حەشدی شەعبی و هیزەسیاسیەکانی پشتیان، جموجۆڵەکانی داعش، پێداویستی مانەوەی حەشدی شەعبی دەکاتە پێداویستیەک و دەیانەوێت گرنگی ئەو هیزە لە هاوسەنگی هیزی سیاسی عێراقدا، لەبەرچاوبگیرێت.

ئەو لایەنانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی زۆرتریان هێناوەو چەکی سەربەخۆی بریاری سیاسی و دژ بەدەستێوەردانی راستەوخۆی دەرەکییان بەدەستەوە گرتووە، زۆتر رویان لە غەرب و دنیای عەرەب و تورکیایە، لەبەرامبەر هیزو لایەنەکانی نزیک لە ئێراندا، ئەو هیزانەی بە ئاشکرا ژینگەخۆشکەر بۆ پێگرتنی داعش بوون و پشتیوانیشیان لەداعش، هیندە ئاشکرایە، هەرچەندە جەنگ لەدژی داعش رابگەیەنن و لە ئاستی میدیاییدا داعش وەکو هیزی تیرۆریستی وێنا بکەن، بەڵام لەدنیای واقع و لە مەیدانەکەدا، بەدەستەوەگرتنی داعش لەبەرامبەر بەحەشدی شەعبی و هیزەکانی لایەنگر لە ئیراندا، ئەو چەکە ئاشکرا و دەستە کەشفەیە، ناتوانرێت بشاردرێتەوە. حزوری ئیران و باڵادەستی شیعەی سیاسی وابەستە بەئیران، لەدوای کەوتنی رژێمی بەعسەوە، شیعیزمی کردۆتە ئەلتەرناتیفی بەعسیزم. پاوانی هەموو جومگە سەرەکییەکانی بریاری سیاسی کردووە، دەستی بەسەر ئابوری و بازاردا، زاڵە... لە پەراوێزخستنی رۆڵی سونە و سونەی سیاسیدا، درێغی نەکردووە، کاردانەوە بەرامبەر بەم رەوتە هەم داعشی و هاوشیوەکانی داعشی دروستکردووە، هەم ئەو وڵات و لایەنانەی لە دەستڕۆشتوی ئیراندا لە ناوچەکە نیگەرانن، کارا کردووە کە ئەسپی خۆیان تاو بدەن و کەڵک لە داعش وەربگرن. هەروەها هیزە سیاسیە باڵادەست و دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان، لەوانە پارتی و یەکێتی کە دابەشی سەر بلۆک بەندیەکانی ناوچەکەن، بەهەمان شیوە و لە روانگەی بەرژەوەندی بلۆکەکانی وابەستە پێیان و بەرژەوەندی خۆیان و پیگەی سیاسیاندا مامەڵە لەگەڵ داعش و جموجۆلەکانی دەکەن و ئەوەی بۆیان گرنگ نییە هاوڵاتیانی کوردستانن.

کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا، کە تەنها دوو هەفتەی ماوە... هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی مملانێیەکی نوێیە، لە دەورەیەکی تازەدا. چونەدەرەوەی هیزە شەرکەرەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، دەروازەی دەستێوردانی هیزە ناوچەییەکان زیاد دەکات، هاوکاتیش بواری زیاتر دەدات بە دەستەو تاقم و هیزەکانی وابەستە بە وڵاتەکانی ناوچەکە، کە جموجۆڵ و روڵیان زیاتر بکەن. پاشەکشەی هیزە سەربازیەکانی ئەمریکا بەو هۆیەوە ویست و تەنانەت مەیدانێکی بەرامبەرکێی ئیران لەگەڵ ئەمریکا بوو... بەمانای وەدیهاتنی ویستێکی ئیران و بەمانایەکی تریش بە سەرکەوتنی ئیران و هیزەکانی وابەستەی خۆی لێکدەدرێتەوە. لە غیابی هیزە شەرکەرەکانی ئەمریکادا، رۆڵی حەشدی شەعبی لەلایەکەوە بە وێنەی هیزێکی دژە ئەمریکایی کە ئەمریکا دەروات  لاواز دەبێت، بەڵام لەلایەکی تریشەوە بەو هۆیەوە گوشار و رۆڵی حەشدی شەعبی وەکو هیزێکی سەر بەئیران و کە کارگەری هەبوو لە نائارام راگرتنی بنکەو بارەگا سەربازییەکانی ئەمریکا و تەنانەت لە پاشەکشەپیکردنیدا، رۆڵ و جیگایەیەکی ئیجابی بە حەشدی شەعبی دەبەخشێت، بەوێنەی هیزێکی سەرکەوتوو لەدژی داگیرکاریدا... هیزەکانی خاوەنی حەشدی شەعبی لەو بارەیەوە چاوەروانی وەرگرتنی بەخشیشی سیاسیین لە بریاری سیاسی و بەشداری لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا.

داعشیش وەکو هیزێک کە پیشتر لەباری سەربازییەوە تیکشکاوە، هەوڵی دەدات جەنگی بە وەکالەت بۆ هیزەکانی نەیاری شیعەی سیاسی و لایەنگرانی ئیران، لەدوای پاشەکشەی ئەمریکادا بکات و ئەو بارە لارەی ناسیونالیزمی عەرەب و دنیای عەرەب لە عێراقدا راست بکاتەوە. لەچوارچیوەیەشدا تورکیا وەکو بلۆکیکی ناوچەکە هاوکاری هەمەلایەنەی داعش دەکات.

هیرشەکانی چەند رۆژی رابردووی داعش، شەری پێشوەختەی ناسیونالیزمی عەرەب و تورکیایە لەدژی شیعەی سیاسی لە عیراقی دوای چوونە دەرەوەی سوپای شەڕکەری ئەمریکا.

ناسیونالیزمی کورد بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی، بەچوونە دەرەوەی هیزە سەربازییەکانی ئەمریکا، هەست بە پشت خاڵی بوونەوەیەکی زۆر دەکەن... پارتی و یەکیتی سەرباری وەلائی جیاوازیان بۆ بلۆکبەندیەکانی ناوچەکە، بەڵام ئومیدی سەرەکیان لە ئاستێکی فراوانترو سەراسەریدا، بە ئەمریکا و غەرب بوو، چوونە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا، گورزێکی کوشندەیە لە پارتی و یەکیتی و سەرجەم بۆرژوازی و ناسیونالیزمی کورد، کە هیندەی تر ئاسۆی سیاسی و رۆڵیان لە ئاستی عیراقدا لاواز دەکات و رووبەڕووی بێ ئاسۆییەکی تریان لەناو تونیلیکی تاریکدا دەکات و هێندەی تر ناچار بە چەمانەوە و تەسلیم بوون بە دەسەڵاتی ناوەندیان دەکات.

هات و هاواری نەبوونی ئیمکانیەتی چەک و تفاقی سەربازی، دوربینی حەراری، زاڵنەبوونی ئیدارەی دەسەڵاتی هەرێم بەسەر ناوچە کوردستانیەکان یان کیشەلەسەرەکانی دەرەوەی هەرێم، بۆ لاوازی رووبەروبوونەوەی چەکدارەکانی داعش، لەچاو ئەو ئاڵوگۆرە سیاسیانەی بەدوای هەڵبژاردنەکانی عیراق و پاشەکشەی هیزەسەربازییەکانی ئەمریکا پێک دێت، زۆر لاوەکین. دیارە بەشیکی ئەو هات و هاوارە بۆ بوونی چەکدارانی داعش و هیرش بۆسەر بنکەو بارەگا چەکدارەکانیان نییە، بەڵکو بۆ دارمانی زیاتری پێگەو رۆڵی سیاسیانە لە عێراقدا. هەروەها بانگەشەیەکی ئیکجار پوچ بۆ رۆڵی دەسەڵاتی ئەزمونکراویان لە ناوچە کیشە لەسەرەکان دەکەن... ماوەی زیاتر لەچەند ساڵ و بەدیاریکراوی لە ساڵی ٢٠١٤ وە کە داعش هات، سوپای عیراق ناوچەکانی چۆڵ کرد و زوربەی هەرەوزۆری ناوچە کیشەلەسەرەکان کەوتنە ژیر دەسەڵاتی هەرێم... بەڵام دەسەڵاتی هەرێم ناشیرینترین ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی خۆی بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە نیشاندا و نەیانتوانی هیچ پایەگایەکی جەماوەری دابکوتن و کە جیگای بەرگری لێکردن بێت. کەچی ئیستا بۆ ئەو ناوچانە دەکروزێنەوە!!

داعش هیزێکی درندەی چنگ بەخوێنی ئیسلامییە، پیویستی بە ڕاگرتن و تیکشکان هەیە، ئەمەش بەر لە رۆڵی چەک و جبەخانەی سەربازی، پێویستی بە ئیرادەی سیاسی... وەکو ئەوەی لە کۆبانی بینرا. تەجروبەی رۆژانی رابردوو نیشانیدا، کە هیزی پیشمەرگەو پارتی و یەکێتی ئەهلی بەرگری لە هیچ جیگایەک و تەنانەت بارەگاکانی خۆشیان نین... چەند مۆتۆر سوارێکی داعش زەفەریان پێدەبەن و هیزی چەکداری حزبەکانیش کە لەشارەکاندا هەموو کەلوپەلێکی سەربازیان هەیە بۆ سەرکوتی نارازیان و ئەو خوێندکارانەی داوای دەرماڵە دەکەن، بەڵام لە سەنگەرەکانی دژە داعشدا، کیشەی دوربینیان هەیە!!!

ڕیگای بەرگرتن بە داعش، پیویستی بە ئیرادەی سیاسی و هاتنە مەیدانی هیزی خۆبەخشی چەکدارەوە هەیە کە ژیان و گوزەرانی خۆیان لاگرنگە. یەکیتی و پارتی ژیان و گوزەران و بەرگریکردن لە بەرامبەر بەداعش بەئەرکی خۆیان نازانن ئەگەر خێر و بێری بەرگرییەکەی نەبێتە سەرمایەو داهات بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان.  خەڵکی ئەو ناوچانەی داعش هیرشی دەکاتە سەر پیویستە بەر لەهەموو کەس و لایەنێک، پشت بەهیزی ریکخراو و چەکداری خۆیان ببەستن بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەرانیان. ئەگەر چاوەروان بن پارتی و یەکێتی بەرگریان لیٚ بکەن، روبەرووی هەمان ئەو چارەنووسە دەبنەوە کە پیشتر روویداوە. لە شەنگال و دەوروبەری بە هەزاران پیشمەرگەو هیزی جیاجیای زێرەفانی و پۆلیس... هەبوو، کەچی بی ئەوەی دانیشتوانەکەی ئاگادار بکەن، رایان کرد و بە سەدان هەزار ئینسانیان بۆ جانەوەرانی داعش جیٚ هێشت. لە کەرکوک خاوەنی دەسەڵاتی رەها بوون، لە کاتی هیرشی داعشدا، ئەگەر لاوان و خەڵکی خۆبەخشی کەرکوک بەرگریان نەکردبا، کەرکوک دەکەوتە دەست داعش. ئەزموون نیشانیدا دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، دەسەڵاتێکی نابەرپرس و تاڵانچییە... دەسەلاتێکە لە شارەکاندا بەدرندانەترین شیوە رووبەرووی داواکاری خەڵکی مەدەنی دەبیتەوە کە داواکاریی نان و ژیان و خزمەتگوازرییەکان دەکەن، داوای موچەو دەرماڵە دەکەن... لە بەرەکانی جەنگیشدا لە دژی داعش و حەشدی شەعبی و هاوشیوەکانیاندا، جەماوەر بەدەست بەستراوی رادەست دەکەن و ئەوەی بۆیان گرنگ نەبێت خوێنی پیشمەرگەو هاوڵاتیانە.


**کۆتایی دیسەمبەری ٢٠٢١**

**جموجۆڵ و هێرشەکانی داعش لەم دەورەیەدا ڕاستەخۆ پەیوەندی بەهەلومەرجی تازەی عیراقی دوای هەڵبژاردنەکان و بەکشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکاوە هەیە...**

# درێژەی...تەرمی نەقیب محەمەد لە مەراسیمێکی شکۆدار دا بە خاك سپێردرا!

هاوڕێی لەلایەن چەند پیاو سالارێکی دژە ژن و دژە ئینسانەوە، بەر لە دابەزینیان لە ئۆتۆمۆبیلەکەیان، درانە بەر دەستڕێژی گوللەو بەو هۆیەشەوە نەقیب محەمەد لەتیف، دەستبەجێ گیانی لەدەستدا و سێ لە هاوڕێکانیشی بریندار بوون.

نەقیب محمەد لەتیف لاوێکی ئازادیخواز و بەرگریکار لە ژنان و مافەکانیان بوو، ئەو



برای هاوڕێی برای بوو کە ئەویش تیکۆشەرێکی نەسرەوتووی بەرگری لە ئینسان و ئازادی و مافەکانی ژنان بوو، کە ساڵی ٢٠٠٠ لە ناوجەرگەی شاری سلێمانیدا لەلایەن ژمارەیەک چەکداری یەکیتی و بە بریاری باوکی هەژارن لەگەڵ پۆلێک کۆمۆنیستی هاوڕێیدا، درانە بەر دەستریژی گوللەو گیانیان سپارد. نەقیب محەمەد هەڵگری هەمان پەیامی ئینسان دۆستی و بەرگری لە ئینسان و مافەکانی ژنان بوو، کە لە سەنگەرێکی تر و لە ئەرکێکی تردا گیانی سپارد.

بەشداری بەرفراوانی ڕیکخراوەکانی داکۆکیکار لەمافی ژنان و ریزێکی بەرین لە خەڵکی ئازادیخواز و ئینسان دۆست لە مەراسیمی ئەسپەردەکردنی نەقیب محەمەد و نەفرەتی جەماوەری ئازادیخواز لە بەرامبەر بە کوشتنییدا، پەیامێکی رۆشنی بەرە و بلۆکی مۆدێرنی کوردستانە بۆ بەرگری لە مافەکانی ژنان و وەستانەوەیە بەرووی توندوتیژی ژناندا، کە دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسی سەرەکیەتی...

نەقیب محەمەد لە ناو خێزان و هاوڕێ و هاوپیشەکانیدا نەما، بەڵام پەیام و ویستی ئینسان دۆستی و خەباتی بۆ بەرگری لە مافەکانی ژنان، بە زیندوی دەمێنێتەوە. نەقیب محەمەدی گیان بەختکردوو لە رۆڵەی خێزانێکی ئینسان دۆست و تێکۆشەرەوە، بوو بە رەمز و رۆڵەی سەرجەم خێزان و کۆمەڵگەی دژ بە پیاوسالاری و دژ بە توندوتیژی ژنان، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.

پیاوسالاری و بلۆکی کۆنەپەرستی کۆمەڵگە، دەسەڵات بە پشت و پەنای خۆیان دەزانن، بۆیە دەست پارێزی لە ستەم و زوڵم توندوتیژی نواندن لەدژی ژنان و یەکسانیخوازی ناکەن، نەقیب محەمەیش بووە قوربانی ئەو ژینگەیەی دەسەلات خوڵقاندویەتی و کۆنەپەرستانیش ئەنجامیاندا، بەڵام دۆسیەی نەقیب محەمەد و هاوڕیکانی لە دۆسیەی خێزانێکەوە بۆتە دۆسیەی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسە لە دۆزینەوەی دەستبەجێی تۆمەتباران و ڕادەستکردنیان بەدادگا و لێپرسینەوەی یاسایی... نابێ ڕێگا بدرێت ئەم کەیسە وەکو دەیان سەدان کەیسی تر بەوهۆیەوە بەرپرسیک دەچێتە بەرگری لێکردنیان، پشتگوێ بخرێت یان دیزە بەدەرخۆنە بکرێت. ئەوانەشی دەچنە پشتی بەرگری لە تۆمەتباران، تۆمەتبارن بەرامبەر بە کوشتنی نەقیب محەمەد و ستەم و توندوتیژی لە دژی ژنان.

# درێژەی...کۆشکەکەی سەرۆك و سامانی تاڵانکراو!

دەستبەسەداگرتنی نەوت و تالانیەک کەلەو بوارە دەیکەن سەروەت و سامانی ملیاردیان کۆکردۆتەوە.



لەبەرامبەر بەو هەواڵەدا، نوسینگەی سەرۆکی حکومەت رونکردنەوەیەکی ئاست نزمی بڵاوکردەوە کە رەتی دەکاتەوە سەرۆکی حکومەت موڵکێکی لەو بابەتە کڕی بێت... هاوکاتیش بۆ بەلاریدابردنی هەواڵەکە هیرشی شەخستی و تۆمەتی ئەخلاقی بەدەستەوە گرتووە تا دیکۆمێنت و بەڵگەیەکی جێگا بڕوا. هەر دوای رونکردنەوەی سەرۆکی حکومەت رۆژنامەی ئەمریکان پرۆسپێکت و نووسەری راپۆرتەکە پێداگریان لەسەر راستی هەواڵەکە کردەوەو رایانگەیاند ئەگەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان خاوەنی ئەو موڵکە نییە، با لەدادگا سکالا لەسەر نووسەر و رۆژنامەکە تۆمار بکات و لە ئەمریکا دادگاکان سەربەخۆن.

دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە میدیاکانی دنیا هەواڵی دزی و تالانی و سپیکردنەوەی پارەو بازرگانی کردن بە داهاتی خەڵکی کوردستانەوە لەلایەن بەرپرسانی پارتی و یەکیتی بلاودەکەنەوە، بەڵکو لە ٣٠ ساڵی رابردوودا بەردەوام باسی تالانی و دزی و بازرگانی کردن بە داهاتی خەلکی کوردستانەوە لە وڵاتانی رۆژئاوا و سپی کردنەوەی پارە سەردێری میدیاکانیان بووە... لەماوەی ئەو ٣٠ ساڵەدا و ئەو هەموو کەیسانەدا کە خراونەتە ڕوو، بۆ یەک جاریش دادگاو ئەوەی پێی دەوترێت داواکاری گشتی لەکوردستان مێشیش میوانی نەبووەو بەدوای هیچ کەیسێکدا نەچووە، ئەوەش پوچی ئەو دادگایەی نیشانداوە کە داواکاری گشتی ویژدان زیندوو لەناو کۆمەڵگەدا پیویستە حوکمی پوچی و نەبوونی ئەو دادگاو داواکاری گشتی لە کوردستاندا بدات.


دیارە بەجیا لەو موڵک و سەروەت و سامانەی میدیاکانی دنیا، لە دنیای دەرەوە لەسەر بەرپرسەکانی دەسەڵات بڵاویان کردۆتەوە... لە ناوخۆی کوردستانیش ئەو تالانیەی بە ئاشکرا و بە نایاسایی و بە یاسا بۆ داتاشین، لە سی ساڵی رابردوودا کردویانە، بەبەرچاوی کۆمەڵگەوە دیارە، و حاشالیکردن هەڵناگرێت. لەدەست بەسەراگرتنی بازار و بازرگانی و دەستبەسەراگرتنی بەڵیندەرایەتیەوە تا دەستبەسەراگرتنی کێڵگەی نەوت و دەیان هەزار دۆنم زەوی و داهاتی نەوتی و نانەوتی... دزییەکی ئاشکراو سیستماتیکی بەرپرسانی دەسەڵات و دەستڕۆشتوانی بنەماڵە دەخەنە روو.

**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد! کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

**bopeshawa@gmail.com**



# توندوتیژی بە دژی ژنان بەرهەمی سیستمی سەرمایەداری

نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

توندوتیژی پەتایەکی جیهانی وماڵوێرانکەرە کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و بێگومان بۆ بنبڕکردنی وزە و تواناییەکی زۆرمان پێویستە. ئەمساڵ لە کاتێک دا بەرەو پیری ٢٥ی نوامبەر ڕۆژی نێونەتەوەیی خەبات دژ بە توندوتیژی بە دژی ژنان چووین، کە نە تەنیا ئەو خەسارە کۆمەڵایەتیە کەمی نەکردووە، بەڵکوو بە داخەوە ڕۆژ بە ڕۆژ روو لە زیاد بوونە. سەرمایەداری بۆ هەر ناوچە و وڵاتێک ئەبزار گەلی جۆراوجۆر و تایبەت بەو وڵاتانە بۆ پەرەپێدان بە دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان بەکاردێنێ، چونکە مانەوەی لە گرەوەی دوبەرەکی نانەوە لە نێوان مرۆڤەکان دایە. لە بارودۆخی هەنووکەیی دا گەورەترین پرس و گرفتی تایبەت بە ژنان ئەوەیە کە ژنان خاوەنی جەستەی خۆیان نین و وەکو کاڵایەکی جنسی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. بوونی ئەو ستاندارده جیهانیانە بۆ لەش و لاری ژنان و ئەو گشتە پارەی تێچووی عەمەلیاتی جوانکاری وکڕینی کالا وبرەندە گرانەکان دەکرێت، تەنیا ئاماجێک دەپێکێ ئەویش قازانجی سەرمایەدارانە و نیشان لە کۆیلەیی ژنان وەک کۆیلەداریەکی مۆدێڕنە کە لە ژێر ناوی پیشکەوتوویی برەوی پێ دەدەن. لە وڵاتانێکی وەک ئەمریکا و وڵاتە زلهێزەکان ژنان بوونە قوربانی سەنعەتی پۆڕن و مۆدێلینگ و لەژێر ناوی کڕین و فرۆشی کەلوپەل ڕۆژانە کڕین و فرۆشیان پێ دەکرێ. ڕێژەی باندە مافیاکانی مرۆڤ بۆ بازاری سێکس و مەترسیان بۆ سەر ژنان بە تایبەتی لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبونەو سەرمایەداری بۆ قازانجی خۆی پشتیوانیان لێ دەکات. لە وڵاتانێکی وەک ڕۆژئاوا سەرەرای خەباتی بێوچانی چالاکانی چەپ و ئازادیخواز وسەپاندنی بە زۆرەملێی یاسای مرۆڤتەوەر دەبینین تا بە هەنووکەش ژنان وپیاوان خاوەن مافی یەکسان و بەرابەر نین، کە وەک نمونە دەتوانین ئاماژە بە حەقدەستی کرێکارێکی ژن لەگەڵ پیاو بکەین کە لە بەرامبەر کاری وەک یەک حەقدەستی وەک یەک وەرناگرن. یان توندوتیژی بە ئاشکرا و کڕین وفرۆشی ژنان و دەستدرێژی بۆ سەریان لە لەشفرۆشخانەکانی ڕۆژئاوا، کە بە داخەوە ڕێژەیان کەم نیە و ڕۆژانە سیستم و دەسەلات بە پشتگیری بزوتنەوەی بورژوازی و لیبراڵ لە ژێر ناوی ئازادی جەستە پشتگیری لەو تاوانە قیزەونە دەکەن.دوای هاتنی کۆچبەرێکی زۆر لەو ساڵانەی دواییدا بۆ وڵاتانی بە تایبەتیی ڕۆژئاوایی، ئەوەی کە روون وئاشکرایە و نکۆڵی لێ ناکرێ دەبینین کە ژنانی کۆچبەر وەک ژنانی ئەو وڵاتانە مافی وەک یەکیان نییە و ئەگەر ژنێکی کۆچبەر توندوتیژی بەرامبەر بکرێ، وەک خەڵکی وڵاتی خۆیان مامەڵەی لەگەڵ ناکەن و بە دواداچوونی بۆ ناکەن. ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەت ژنانی موسوڵمان لەو وڵاتانەش بە جۆرێک توندوتیژی ئەزمون دەکەن و ئەگەر خۆیان هۆشیاریی باشیان نەبێ یاسا پشت گوێیان دەخات و گرینگیان پێ نادا. ئەگەر بێنە سەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارەساتەکە زۆر مەترسیدارترە لەوەی کە باسمان کرد. لەو وڵاتانە سەرمایەداری دو ئەبزاری مەترسیداری وەک ئایین وپیاوەمزنی لە بەردەستە بۆ چەوساندنەوەی ژنان. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پرسێک بە ناوی کۆنترۆڵی جەستەی ژن بوونی هەیە کە ڕۆژانە قوربانیی دەگرێ. سیستمەکان لەو وڵاتانە بە پشت بەستن بە ئایین و شەرع و قورئانەوە کە سەرچاوەگرتوو لە ئایینی ئیسلامە و ئەو ئایینە تەواو لەگەڵ ماف وئازادی مرۆڤ بە گشتی و ژنان بە تایبەتی ناتەبایە هەموو جۆرە بێمافی و تاوانێک ڕەوایی پێ دەدەن. ژنان لە وڵاتانی ئیسلامی کە سیستمی دیکتاتۆریان هەیە وەک کالا لە ڕێگای مارەیی بە پیاوان دەفرۆشرێن و پیاوانیش لەو وڵاتانە کە خۆیان قوربانی سیستمێکی نادادپەروەرن و وەک مرۆڤێکی چەوسێنەر پەروەردە دەبن هەر جۆرێک کە مەیلیان لەسەر بێ لەگەڵ ژنان کە وەک مولک پێیان فرۆشراوە مامەڵە دەکەن. وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە بواری بێ مافی وتوندوتیژی بە دژی ژنان هەمیشە لە پلەی یەکەم دابوون و ژنان لەو وڵاتانە بەهۆی سیستمی گەندەڵ و دژە ژنەوە توندتیژی بە هەموو جۆرەکانی بەردەوام ئەزمون دەکەن. یەکێک لەو وڵاتانەی کە هەردەم لە بواری توندوتیژی بە دژی ژنان لە پلەکانی یەکەم دایە وڵاتی ئێرانە. ئێرانی ژێرحاکمیەتی کۆماری ئیسلامی ساڵەهای ساڵە بێ مافی و توندوتیژی بە دژی ژنانی یاسایی کردوە. ژنان لە ژێر سێبەری ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاییترین مافە مرۆڤیەکانیان بێ بەشن. کۆماری ئیسلامی دوای خۆسەپاندنی بەسەر خەڵکو بە لاڕێدابردنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دانانی یاسای ئیسلامی و دژە ژن کە سەرچاوەگرتوو لە شەرع و قورئانە هەموو هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ تا ژنان لە پرۆسەی سیاسی وئابووری دوربخاتەوە و بیانخزێنێتە کونجی ماڵەوە. چونکە پێناسەی ژنان لەو ڕژیمە کە ڕژیمێکی ئیسلامی و تۆتالیتێرە ژنی ناوماڵ و تەنیا ئەندامێکی زاوزێیە و ئەو بیرۆکە ڕۆژانە لە ناو ئەو دەسەلاتە بەرهەم دەهێندرێ و دەرخواردی کۆمەڵگا دەدرێ. ژنان لە ئێران لەگەڵ سێ جۆر و شێواز لە توندوتیژی بەرەوڕوون .

١/ توندوتیژی لە لایەن سیستم

٢/ توندوتیژی لە لایەن کۆمەڵگە

٣/ توندوتیژی لە لایەن بنەماڵە.

سێ جۆر توندوتیژی کە بە شێوەی بازنەیی و هیدایەت کراو لە لایەن سیستمەوە بەڕێوە دەچێ، ئەو سێ بەشە بە شێوەیەکی بازنەیی توندوتیژی بەرهەم دەهێنن و ژنان ڕۆژانە روبەرویی ئازار دەکەنەوە. لە توندوتیژی سیستم دەتوانین ئاماژە بە: بەشداری نەکردنی ژنان لە پڕۆسەی سیاسی و ئابووری، زەوتکردنی پۆستی گرینگی دەولەتی وەک دادوەر و سەرۆک کۆماری تەنیا بە هۆی ژن بوونیان، بوونی یاسای هەڵاواردن ئامێزی وەک، نەبوونی مافی پۆشش و پۆشینی زۆرەملێی و سەپاوی حیجابی ئیسلامی لە لایەن یاساوە، نەبوونی مافی تەڵاق بۆ ژن، بە هاوڵاتی پلە دوو زانینی ژنان وەک مافی میرات، مافی شایەتی، بوونی سزای سەدەناوەڕاستی بۆ ژنان وەک بەردباران و کوشتنیان بە تاوانی خۆشەویستی.

لە توند وتیژی کۆمەڵایەتی دەتوانین ئاماژە بە بەرتەسک کردنەوەی ئازادیە تاکەکەسیەکانی ژنان. توندوتیژی و گیچەڵی سێکسی لە شوێنی کار، ڕوانینی توندوتیژ و هەڵاواردن ئامێز تەنیا بەهۆی ژن بوون، دەستریژی بە ئاشکرای ڕۆژانە لە قسەوە بگرە تا مەترسیدارترین جۆری کە توندوتیژی جنسیە، تانوت و تەشەری پیاوسالارانە بۆ ئەوە باوەر بە خۆبوونی ژنان زەوت بکەن کە زۆرتر لە کۆمەڵگەی سێکسیتدا بەڕیوە دەچێ، بوونی دەستەواژەگەلی سەپا وەک شەرەف و ناموس بۆ کوشتن و پەڕاویزخستنی ژنان، تیزاب پیداکردن بە روخسار و جەستەی ژنان کە ساڵەهای ساڵە لە ئێران تاوانباران بە پشتگیری دەسەلات بەڕێوەی دەبەن. ئەو توندوتیژیانە لە ڕێگای دەسەلاتەوە دەخزێتە ناو کۆمەڵگە و لەڕێگای ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی بەردەستی دەسەلات دەخزێتە ناو هەموو کەلێن و قوژبنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە و، لە کۆتاییدا بنەماله وەک یەکەیەکی بچوکی کۆمەڵایەتی و لێرە لە دوو جۆر توندوتیژی دا خۆی دەردەخا.

توندوتیژی جەستەیی وەکوو: لێدان، ئەشکەنجە، قژ راکێشان، شەقازلە، خەتەنەی ژنان، دەستدرێژی، شکاندنی دەست ولاقیان، بڕینی لوت و گوێی و ئەندامەکانی جەستەیان، دەستدرێژی و زۆر جار ئاستی توندوتیژیەکە ئەوەندە مەترسیدار و ئاشکرایە خۆی لە سڕینەوەی جەستەی ژنان دا دەبینێتەوە و ژنان تەنیا بە تاوانی ژن بوون بە درندانەترین شێواز دەکوژرێن. لە ساڵی ٢٠٢٠ی زایینی ڕێژەی کوشتنی ژنان و توندوتیژی بە دژیان زۆر زیادی کردووە و بە داخەوە ئەو دیاردە لە ناوچە کوردنشین و عەرەب نشینەکان ڕێژەی بە بەراورد لەگەڵ شارە گەورەکان زیاترە. جێگای ئاماژەیە تەنیا لە مانگی سێپتامبری (٢٠٢٠) تا بە هەنووکە بە دەیان ژن لە ناوجە جیاجیاکانی کوردستان بوونە قوربانی روانینی چەوتی کۆمەڵگە و لە ژێر ناوی شەڕەف و ناموس و بیانووگەلی جۆراوجۆر جەستەیان سڕدراوەتەوە. دیاردەی زوو بە شودانی کچان بە هۆی ئەو هێلە هەژاریە لە ڕادەبەدەرەی بەرۆکی خەڵکی گرتوە ڕۆژ بە ڕۆژ روو لە زیاد بوونە. خۆکوژی ژنان بە هۆی بارودۆخێکی نالەبار کە تێدان و نەبوونی ئارامی و پیداویستی ژیانێکی مرۆڤی ڕۆژانە قوربانی دەگرێ. ئیستاکەش لە زۆرێک لە گوندە دوورەدەستەکان کچان لە لایەن بنەمالەیانەوە خەتەنە دەکرێن و ئەو دیاردە قیزەونە تا بە ئێستا بنبڕ نەکراوە. لێدان وئەشکەنجە و دەستدرێژی و نەبوونی ئەمنیەتی گیانی بۆ ژنان لە ئێران کارەساتێکی مرۆڤیە کە دنیا لە ئاستی بێدەنگی نواندووە. هەنووکە بە هۆی ئەو هێڵە هەژاری و هەڵاوسانە ئابووریەی کە هۆکارەکەشی سەرەرۆیی ڕژیمی ئێران لە بەرامبەر دنیای دەرەوەیە بێ کاری، خەمۆکی، بێ ئیمکاناتی وهەژاری بەرۆکی تاک بە تاکی ئەو کۆمەڵگەیەی گرتووە و بێگومان لە بارودۆخێکی ئاوادا ژنان وەک هاوڵاتی پلە دوو لە وڵاتێکی ئیسلامی وەک ئێران و بەو بیروباوەرە خورافە و پیاوسالاریە زیاتر دەکەونە بەر توندوتیژی و دەبنە قوربانی. ڕۆژ بە ڕۆژ یاسای دژە ژنی زیاتر دژ بە ژنان لەوڵاتە پەسەند دەکرێ و ماوەیەک پێش کۆماری ئیسلامی پلانێکی دانا بۆ بە قەولی خۆیان زیاد وبونی ڕێژەی لاوان لەو وڵاتە وپێشگیری لە کۆمەڵگەیەکی پیر و پەککەوتە تەنانەت بە نیازن ژنان لە بونی پێشگیریەکی سالم و تەندروست و کەرەسەی نەهێشتنی دووگیانیش مەنع بکەن، کە لەو بارودۆخە نالەبارە ئابووریە کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. سەرانی ڕژیم بە ڕوهەڵماڵڕاوەیی لە ڕادەبەدەر پڕوپاگەندە بۆ وامی زەواجی زوو و ژێر تەمەن دەکەن بۆ ئەوە بنەماڵە هەژارەکان ناچار بکەن کچانی خۆیان بە شوو بدەن.

ژنان لەو سیستمە دا لە ژێر ناوی سیغە و یاسای مسیار کڕین و فرۆشیان پێ دەکرێ و وەک ئاژەڵ مامەلەیان لەگەڵ دەکرێ، مەرقەدی شێخ و شوێنی گەوجاندنی خەڵک و ئیمامزادەکانی ڕێژیم تەژی کراوە لە کچانی ژێر تەمەن تا ژنانی نیزیک بە چل ساڵ و ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی کاتیی دێنە ئەو شوێنانە بۆ بەرێوەبردنی بە قەولی خۆیان واجباتی دینی و ئایینی، هەر جۆرێک کە بۆیان دەلوێ لەگەڵ ئەو ژنانە مامالە دەکەن و هەموو جۆرە تاوانێک بەرێوە دەبەن، کە بە راستی مەزاری شیخەکان وەک عەشرەتکەدەی پیاوانی ئایینی وایە و زۆربەیان بە مەبەستی خۆشگوزەرانی ئەو تاوانە قیزەونە سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن و کۆماری ئیسلامیش ئەو پرسە باش دەزانێ. سەرەرای بوونی ئەو گشتە هەڵاواردن و بێمافیە لەو سیستمە دژە مرۆڤە دا بەرەوی ئازادیخواز و ژنانی چالاک بەردەوام لە ریز و سەنگەری پیشوەی خەبات دابوون و ئەو بزوتنەوە بە هێزە بێ گومان تا ڕوخانی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە مافەکانیان دەست لە خەبات هەڵناگرن. هێزێک کە سەرەرای کوشتن و برین و سەرکوتی دەولەتی ئێستاکە گەورەترین هیز و مەترسین بۆ سەر دەسەلات و توانیویانە بە تایبەتیی لەو ساڵانەی دوایی خۆیان بە ریکخستن بکەن لەگەڵ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان. ژنانی ئێران دەبێ بزانن بۆ گەیشتن بە ئامانجە مرۆڤیەکانیان دەبێ دورەپەرێز نەبن و هاوتەریب بن لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری تا گەیشتن بە سیستمێکی سۆسیالیستی و مرۆڤتەوەر کە هیچ مرۆڤێک بە پێی ڕەگەز نەچەوسێتەوە و هەمو تاکەکان مافی وەک یەکیان هەبێ...

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com



# لەم ژمارەیەدا بەهار مونزیر وەڵام بەپرسی ڕۆژ دەداتەوە

پرسی ڕۆژ/ ڕووداوی کوژرانی نەقیب محمد لەتیف و بریندارکردنی هاوڕێکانی لەکاتی بەجێگەیاندنی کاری فەرمی بۆ داکۆکیکردن لە ژنانێک کە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت لە شاری سلێمانی لە لایەن کەسانێک کە چەکیان پێبووە. لەم ماوەیەدا شاری سلێمانی و هەولێر شایەدی ئەو جۆرە ڕووداوانە بووەتەوە. بەرپرسان دەڵێن دەبێت یاسا سەروەر بێت، بەڵام ئەم ڕووداوانە وامان پێناڵێن. ئێوە چۆن لەو ڕووداوانە دەڕوانن و پێشنیارەکانتان بۆ چارەسەر چییە؟ چونکە قوربانیەکان خەڵکی مەدەنی هەروەها جێبەجێکاری یاساش بوون!

> **سیستمی پیاو سالاری لە هەرێم لە ئاستیکی زۆر بەرزدایە! بۆیە ئەم کەیسانە ئەوەندە قورس دەبن کە دەبێت کەسێکی وەك نەقیب محمد گیانی خۆی بۆ بکاتە قوربانی و ٣ هاوپیشەشی بریندار بکرێن. ئەوەی لە کۆتاییدا دەمویست بیڵێم؛ ئومێدێك بۆ لاوازبوونی سیستمی پیاوسالاری هەبێت؛ تەنها سیستمی بەدیلە کە ئەویش کارکردن بۆ بەهێزکردنی بەرەی یەکسانیخوازان و تێکەڵبوونی ئەم پرسە خەتەرو هەستیارە بە خەڵك و هێنانی دەنگێکی بەهێز بۆ ڕازینەبوون بەم پشتگوێخستن و گرنگی نەدانەی ئەمڕۆ هەیە لە کوردستان ...**

بەهار مونزیر چالاکوانی مافەکانی ژنان لە کوردستان لە وەڵام بەپرسی ڕۆژدا دەڵێت؛

ڕووداوی کوژرانی نەقیب محمد وەك داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان:

نەقیب محمد یەکێك بوو لە ئەفسەرە ناسراوەکانی شاری سلێمانی لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و خێزان، بەداخەوە بۆ ئەم تاوانەی ناخی هەموومانی هەژاند و تورەی کردین. محمد لەتیف بە یەکەم گیانبەختکردووی سلکی حکومی دادەندرێت لەهەرێمی کوردستان کە کاری پاراستنی ژنانی کردبێت.

بەجیا لەوەی کە یەکێک بوو لە تاوانە زۆر ناخهەژێنەکان، لە هەمان کاتدا زەنگێکی یەکجار ترسناك بوو بۆ هەموو داکۆکیکاران لە پرسەکانی ژنان؛ چ لە ناو دامودەزگاکانی حکومەت لە هەموو شارو شارۆچکەکان، چ لەناو داکۆکیکارانی پرسەکانی ژنان و بەڕێوبەرانی کەیسەکانی توندوتیژی لە ناو ڕێکخراوەکاندا. وەك دەزانن ئێمە زۆربەی کات لە کاتی کارکردنمان لەسەر کەیسەکانی کوشتن و توندوتیژی و دۆزینەوەی تۆمەتباران وەك ڕێکخراوەکان، هەمیشە گەورەترین ئاستەنگیمان بووە. بەڵام کەیسی کوشتنی نەقیب محمد؛ ئەوەی سەلماند کە دۆزینەوەی تۆمەتبارانی کوشتن ئەگەر دۆسیەکە پەیوەندیشی هەبێت بە پرسەکانی ژنانەوە هەر کەمتەرخەمی تێدا دەکریت.

لە کوردستان چ پەرلەمان و چ دادگاکان سەربەخۆنین، بەو هۆکارەشە کە تۆمەتباران پەنا دەدرێن و دەشاردرێنەوە، هەر کەس سەر بە عەشیرەتێکی گەورە بێت، ئەوە بیردەکەنەوە گرتنی تۆمەتبار گرنگترە یاخود پشتیوانی یەك عەشرەت لە یەکێك لە حزبەکان بۆ دەنگدان؟ بە باوەڕی من ئەمە پرسێکی گرنگە هەمووشمان دەیزانین، بەڵام زۆر جار لە زۆر کەیسدا ئێمە بێدەسەڵات دەمێنینەوە لەبەر ئەوەی دەنگی خەڵکی لەگەڵ دروست نابێت، دۆسیەی تاوانێکی وەك کوشتنی نەقیب محمد زۆر دۆسییەکی تایبەتە و دەبێت ئەو دەنگە گشتییە پشتیوانیە زۆرەی خەڵک و ڕێکخراو و دەزگا حکومیەکان سودی هەبێت بۆ ئەوەی بەزیندویی بمێنێتەوە و بگاتە سزاء، هاوڵاتیان لە دادگا و دامودەزگاکان خۆش نەبن لە کەمتەرخەمی.


ئەمە لایەك؛ لە لایەکی دیکە ئێمە ئاستەنگیەکانی ئەو بەڕێوبەرایەتیانەمان دەمێکە خستۆتە ڕوو بە پشتیوانی ڕێکخراوە نیودەوڵەتی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەردەوام بووین، چونکە لە بناغەوە بۆ حکومەتی هەرێم شکلیە! بەڵام بۆ کارمەند و ئەفسەرەکان کارێکی جدیەو هەیە. دەیان کەسیان ژیانی خۆیان خستۆتە خەتەرەوە، بەڵام بەداخەوە لەم ڕوداوەدا کەمتەرخەمی حکومەت و نەبوونی پلانی سەلامەتی بۆ کارمەندان و ئەفسەران بەو بەڕێوەبەرایەتیانە بەرجەستە بویەوە. لەلایەکی دیکە دیاردەی زۆربوونی چەك لە ماڵەکاندا، هۆکاریکی دیکەیە بۆ ئەم هەموو ڕووداوی کوشتنانەی ڕوودەدەن، کوشتنی ژنان وەك یەکێک لە دیاردە زۆر زەقەکانی هەرێم؛ من پێم وایە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەك لە ماڵەکاندا، واتە یەکێك لە هۆکار و پاڵنەرەکانە.

سیستمی پیاو سالاری لە هەرێم لە ئاستیکی زۆر بەرزدایە! بۆیە ئەم کەیسانە ئەوەندە قورس دەبن کە دەبێت کەسێکی وەك نەقیب محمد گیانی خۆی بۆ بکاتە قوربانی و ٣ هاوپیشەشی بریندار بکرێن. ئەوەی لە کۆتاییدا دەمویست بیڵێم؛ ئومێدێك بۆ لاوازبوونی سیستمی پیاوسالاری هەبێت؛ تەنها سیستمی بەدیلە کە ئەویش کارکردن بۆ بەهێزکردنی بەرەی یەکسانیخوازان و تێکەڵبوونی ئەم پرسە خەتەرو هەستیارە بە خەڵك و هێنانی دەنگێکی بەهێز بۆ ڕازینەبوون بەم پشتگوێخستن و گرنگی نەدانەی ئەمڕۆ هەیە لە کوردستان.

لە لایەکی دیکەوە ئەم زەنگە درا بەگوێی ناوخۆ ودەرەوەی کوردستانیش کە کارکردن لەگەڵ دۆسیەکانی کە پەیوەستە بە پرسی ناموس و پرسەکانی توندوتیژی خێزانی چەند سەختە بۆ هەموو ئەوانەی کار لەم مەیدانەدا دەکەن. دۆسیەی کوشتنی نەقین محمد پێویستە ببێتە سیمبولی ئەم سەختی و دژواریە، ببێتە سیمبولی ئەم کەمتەرخەمیە تەنها لە لایەن حکومەتەوە نا، بەڵکۆ چەند گرنگە هاوڵاتیان لەهەر گەڕەکێک و هەر شوێنێکی کاریان پشتیوان بن، چەند گرنگە دەبێت هەموو گەڕەکێك قسە لەسەر ئەم هەموو کوشتنی ژنانە بکەین بۆ وەستانەوە و ڕێگەنەدان بە کوشتن لەسەر ناموس.

من پێیموایە ئەوکات سنورێك بۆ ئەم ناشرینیە دادەنێت، کە کۆمەڵگەی کوردستانی پیادەناسرێتەوە... چەند گرنگ دەبێت هەموو کارمەندان لە لایەن خەڵکەوە پارێزراوبن، نەك بێدەنگ بن! من پێموایە بۆ وەڵامدانەوە بەم تاوانانە ئەمە ڕێگایەکی جدی بێت. کە ئێمە ئێستا لەم ڕێکخراوەی کاری تیادادەکەم دەچینە گەڕەکەکان و لەگەڵ دانێشتوانی گەڕەکەکان گفتوکۆدەکەین، کۆمەڵێك ڕێکخراوی دیکە لە جیێاکانی تر هەمان ئەم کارە دەکەن.

لە کۆتایدا جاریکی تر هاوخەمی دەردەبڕم بۆ نەقیب محمد وەك یەکەم داکۆکیکار لە پرسەکانی ژنان لە هەرێمی کوردستان. هیوای چاکبونەوەش بۆ بریندارانی ڕوداوەکە کە لە ئێستادا لە نەخۆشخانەن ...



# ئەو وڵاتەی کە تێیدا تاوانباران لە جیاتی سزادانیان پەنا دەدرێن و دەربازدەکرێن!
# (هەرێمی کوردوستانی عێراق بە نموونە)

## (لە پەراوێزی گیان لەدەستدانی نەقیب محمد لەتیف و برینداربوونی سێ پۆلیسی تر.)

نووسینی: حەسەن ڕازانی

پوختەی کارەساتەکە: لە ئێوارەی درەنگانی ٤-١٢-٢٠٢١ لە تانجەڕۆوە ژنێک تەلەفۆن دەکات بۆبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی توندوتیژی دژی ژنان و پێیان دەڵێت کە هەڕەشەی کوشتنی لەسەرە. نەقیب محمد لەتیف لەگەڵ سێ پۆلیسی تر بە پەلە دەگەنە شوێنەکەو هەر بە گەییشتنیان دەدرێنە بەر دەستڕێژی گوللەو لە ئەنجامدا نەقیب محمد گیان لەدەست دەداو سێ پۆلیسەکەش بریندار دەبن. تاوانبارانیش بۆی دەردەچن و تا بەرواری ئەم نووسینەش کەسیان لێ دەستگیر نەکراوە. هەندێک دەنگۆ بڵاوبووەتەوە کە گوایە بەرپرسێکی گەورەی سەربازی لە پشتی تاوانبارەکانەو دەربازی کردوون یان پەنای داون.

جا لەوبارەوە یەک پرسیاری گەورە دەبێ بکرێت ئەویش ئەوەیە کە: ئایا بە ڕاست دەسەڵات دەیەوێت یاسا جێبەجێبکرێت و تاوانبارانیش سزابدرێن و دیاردەی ژن کوشتن و توندوتیژیش بەرامبەریان بوەستێنرێت؟ ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە بەڵێ بێت کەواتە دەبێ دەسەڵات و حکومەت هەم پشتی پۆلیس و دادوەرو دەسەڵاتی جێبەجێکار بگرێت و هەمیش نابێت تاوانباران لە ژێرهیچ بیانوویەکدا پەنا بدات یان دەربازیان بکات. ئەگەر ئەم کارە بکات کەواتە ئەو دەسەڵاتە نە دەیەوێت یاسا جێبەجێبکرێت و نە دەشیەوێت تاوانباران سزابدرێن و نە دەشیەوێت دیاردەی ژن کوشتن و توندوتیژی لە بەرامبەریان کۆتایی پێ بهێنرێت. ئیتر لەمەودوا نە دادوەر دەتوانێت کارەکەی خۆی بە پێی یاسا بەڕێوەبەرێت و نە پۆلیسیش دەتوانێت بە دوا تاوانباراندا بڕواو بیان گرێت و نە هیچ لایەنێک و خەڵکی تریش دەتوانن لەوبارەوە هاوکار بن. کەواتە تەواوی شانەکە هەمووی لەسەری ئەو دەسەڵات و حکومەتەدا دەشکێتەوە.

بە پێی کۆمەڵگەی کوردی و ئەو هەلومەرجەی کە خەڵکی کوردوستان تێیدا ژیان بەسەر دەبەن پێم باشە لەوبارەوە چەندین پرسیار بکەم. بۆ نموونە: ئایا دیفاعکردن لە ژنان بۆ ئەوەی توندوتیژییان لە بەرامبەردا نەکرێت تەنها ئەرکی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسییە؟ ئایا لایەنی جێبەجێکار لەنێوحکومەتی هەرێمی کوردوستاندا دەتوانێت یاسا لەبەرامبەر هەمواندا بە یەکسانی جێبەجێبکات؟ دەبێ ڕاستەوخۆ ئەرکی کێ بێت کە نەهێڵێت توندوتیژی لەبەرامبەر ژناندا ئەنجام بدرێت؟ ئایا پۆلیس وەک تیپی سەنگەری پێشەوەی لایەنی جێبەجێکار، دەتوانێت یاسا جێبەجێبکات لە هەرێمی کوردوستاندا؟ بۆچی تاکو ئێستا نەتوانراوە توندوتیژی لەبەرامبەرژناندا بوەستێنرێت و ژن کوشتن کۆتایی پێ بهێنرێت؟ ڕۆڵی دەسەڵات لە کوردوستاندا لەو بارەوە چییە؟ ئەدی ڕۆڵی ئایین و مەزەبەکان؟ ئەدی باشە ڕۆڵی ئەو هەموو ڕێکخراوانەی ژنان و خانمان و ئافرەتان کە هەندێکیان خاوەن لانەو شەڵتەرو شوێنی حەوانەوەی ئافرەتانی لێقەوماویشن چی بووە؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر.

بە بڕوای من، بە پشتبەستن بە سەرخانی فکری کۆمەڵگەی کوردوستان، بە ڕۆڵی ئایین و مەزەب، بە کەلتووری باوو هێنراوو داسەپاو، بە پاشخان و باکگڕاوندی هێزو لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە دەسەڵاتی هەرێم، هەروەها بە مێژووی دوێنێی سەردەمی حوکمی بەعس لەو بارەوە، پێویستە زۆر لایەن و کەس و ڕێکخراو بێنە مەیدانی کارو لە چوارچێوەی شیعارو گوتاری سیاسی و بێکرداردا بێنەدەر.

ئەم کارە پێشی هەموان، بە بڕوای من، ئەرکی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوای وڵاتە. بۆیە دەبێ ئەم حکومەت و دەسەڵاتە سیاسییە بە یاسا لەڕێگەی دام و دەزگای تایبەت بەوکارەوە، کە پۆلیس ڕاستەوخۆ یەکێکیانە، ئەو کارە ئەنجام بدات. وە دەبێ حکومەت خۆی بە بەرپرس بزانێت لە دابینکردنی ئاساییشی سەرو ماڵ بۆ تەواوی کۆمەڵگە کە ژنانیش بەشێکن لەو کۆمەڵگەیە. دەبێ کۆمەڵگە لە لای ڕۆشن بێت کە بەرپرسی ڕاستەوخۆی یەکەم و کۆتایی لە ئەنجامدانی ئەوکارە دا حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوای وڵاتە.

دوای حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیی و فەرمانڕەوا، بە بڕوای من، دەبێ زۆر لایەنی تریش ڕۆڵیان هەبێ و هاوکار بن لەوبارەوە. پێویستە کۆمەڵگە بە گشتی بە ئەرکی خۆی بزانێ کە ڕێبگرێت لە توندوتیژی لە بەرامبەر ژنان دا و نابێت کۆمەڵگە بهێڵێت کە ژنان بەهەر بیانوویەکەوە بێت بکوژرێن. ئەم کارە ئەرکی هەموو ئەو لایەنە سیاسسیانەشە کە مەسەلەی ژنیان بۆ گرنگە، ئەرکی هەموو تاکێکی ئازادیخوازو مرۆڤ دۆستە، ئەرکی هەموو ئەو نووسەرو ڕۆژنامەنووس وچالاکوانانەیە کە مەسەلەی ژنیان گرنگە، ئەرکی کۆمەڵگەی مەدەنییە، تەنانەت ئەرکی (ئایین و ئایینزاکانیشە)!! بە گشتی، دەبێ لەو بارەوە ڕۆڵی ئەرێییانە بنوێنن لە نەهێشتنی ژن کوشتن و توندوتیژی لەبەرامبەر ژنان دا، ئەرکی خودی ژنان خۆیانە لە ڕێگەی یەکگرتوویی خۆیان و خۆڕۆشنبیرکردن وهەروەها لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی ژنانی سەربەخۆیانەوە، هەروەها ئەرکی هەموومانە لە ئەوپەڕی چەپمانەوە بۆ مامناوەندی و لیبڕالیمانەوە کە دەبێ ڕۆڵمان هەبێ لە نەهێشتنی توندوتیژی لەبەرامبەر ژناندا. ئەبێ ژن کوشتن کۆتایی پێبێت.

بۆیە نابێت ئەو ئەرکە، کە ئەرکێکی گەلێک قورس و ئاڵۆزە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا، بە تەنیا بخرێتە سەر شانی چەند ئۆفیسێکی پۆلیس. بۆ وەستاندن و کۆتایی پێهێنانی دیاردەی توندوتیژی لە بەرامبەر ژنان، ژن کوشتن و تاوان لەبەرامبەریاندا، تەنیا نابێ بە ئەرکی پۆلیسی بزانین و بە تەنیاش ئەو کارە بە پۆلیس ناکرێت. بە تایبەتیش لە شوێنێکی وەکو کوردوستاندا.

بە پلەی یەکەم ئەرکی ڕێکخراوەکانی ژنانە کە ڕاستەوخۆ پشتگیریی لەو ئۆفیس و دامەزراوە فەرمیانە بکەن کە ئەرکیان پاراستنی ژنانە لە توندوتیژی و دەبێ لەوبارەوە بە بەردەوامی بەدواداچوونیشیان هەبێ کە ئاخۆ ژنان وەکو پێویست پارێزراوون؟ بۆیە ئەگەر هەموومان بەشدار نەبین لەو کارەدا ئەوا، بە بڕوای من، بە بوونی چەند ئۆفیسێکی پۆلیس یان یاسایەک کە توانای جێبەجێبکردنی ئەو یاسایەش نەبێ، ئەو ئەرکە بە تەواوی و بە سەلامەتی جێبەجێ ناکرێت. کۆمەڵگەش لەو بارەوە بێ خەتا نییە.

جا کاتێک کە هەموومان وەک و پێویست بەشدار نابین ئەوا بەردەوامی دەبێ لە ڕوودانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانە لە وێنەی کارەساتی گیان لەدەستدانی نەقیب محمد لەتیف و برینداربوونی سێ پۆلیسی تر. هۆی ئەمەش بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە نەقیب محمدەکان بە تەنیا ناتوانن ئەو ئەرکە قورس و ترسناکە لە نێو کۆمەڵگەیەکی بێ سەرەوبەرەی وەک و کوردوستاندا جێبەجێ بکەن. بۆیە ئەگەر پشتیان نەگیرێت لە لایەن هەموانەوە بە تایبەتی لە لایەن حکومەت و دەسەڵاتەوە ئەوا بەم شێوەیە دەبنە قوربانی و گیانیان تێدا دەچێت لە پێناوی بەرگرتن بە تێداچوونی گیانی کەسانی تردا. بۆیە دەبێ دەسەڵات بە بەرپرس دابنرێت. هەروەها نابێت ڕێکخراوەکانی ژنان لەو بەرپرسیاریەتیە بەدەربکرێن.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە دوێنێی کوردوستان لە سەرەتای نەوەدەکانەوە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت دیاردەی ژن کوشتن و توندوتیژی لەبەرامبەر ژناندا نەتوانراوە بوەستێنرێت. ئامارەکانی ژن کوشتن و توندوتیژی لەبەرامبەر ژناندا ئەوە نیشان دەدەن کە نە حکومەت و نە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و خانمان نەیان توانیوە وەک پێویست دیاردەی ژن کوشتن و توندوتیژی لە بەرامبەر ژنان دا کۆتایی پێ بهێنن. سەردەمی پێش نەوەدەکان دیاردەی ژن کوشتن و توندوتیژی لە بەرامبەر ژناندا بە بەراورد بە دوای نەوەدەکان لە کوردوستاندا زۆر کەمتر بوو. تاوانباران سزا دەدران و نەیان دەتوانی بە ئاشکرا و بە ئازادی بسوڕێنەوە. بەڵام ئێستا بەڵێ بە ئاشکراو بە ئازادی دەسوڕێنەوە.

دەسەڵاتی ئێستای هەرێم بە ڕاستەوخۆیی و بە ناڕاستەوخۆیی لەباتی ئەوەی ببێتە لانەو پەناگەی ژنانی لێقەوماو هەڕەشەلێکراو، کەچی بووەتە بە پەناگەو لانەی تاوانباران و بکوژانی ژنان.

بەرپرس و کاربەدەستە دەسەڵاتدارەکانی نێو ئەو دەسەڵاتەی کوردوستان خۆیان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تاوانبارەکان گل دەدەنەوەو ناهێڵن دەستی یاساو سزا بیان گاتێ. بۆیە کاتێک کە لایەنی جێبەجێکاری یاسا توانای جێبەجێکردنی یاسای نەبێت و پشتی نەگیرێت لەلایەن حکومەت و دەسەڵاتەوە ئەوا کارەساتی لە وێنەی گیان لەدەستدانی نەقیب محمد هەمیشە ڕوودەدەن. نەک هەر ئەوە بەڵکو نەقیب محمدەکانی تریش کە ئێستا لە ژیاندا ماون، کەمن هیوادارم هەمیشە سەلامەت بن، ئەوانیش ئیتر ناتوانن وەکو پێویست ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن و ناتوانن یاسا بسەپێنن.

کەم کردنەوەی ڕێژەی تاوانی توندوتیژیی لە بەرامبەر ژنان و کوشتنیان پەیوەستە بە جێبەجێکردنی یاساوە. تا یاسا زۆرترو باشترو بە بەردەوامی بەسەر هەموو لایەکدا جێبەجێبکرێت ڕێژەی تاوان کەم دەبێتەوەو بە پێچەوانەش ڕێژەی تاوان بەرەو هەڵکشان دەچێت. کەواتە لەو نێوەدا ڕێژەی کارەساتەکانی لە وێنەی نەقیب محمد زۆرتر دەبن. لە ئەنجامی جێبەجێ نەکردنی یاساشدا لە لایەکەوە ژنان دەبنە قوربانی و لە لایەکەی تریشەوە بە بەردەوامی نەقیب محمدەکان لەو ڕێگایەدا دەبنە قوربانی.

لە هەمووشی گرنگتر و ترسناکتر ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوا دوولایەنە خودی خۆی تێوە گلاوەو هاوکارە لە زیادبوونی توندوتیژی لە بەرامبەر ژنان و کوشتنی ژناندا. چونکە لە لایەکەوە وەک و پێویست پشتی لایەنی جێبەجێکار ناگرێت و هاوکاری ناکات، وە لە لایەکی تریشەوە هەندێک لە بەرپرسانی نێو ئەو دەسەڵاتە دەچن تاوانباران دەپارێزن و لای خۆیان پەنایان دەدەن یان دەربازیان دەکەن و ڕەوانەی هەندەرانیان دەکەن یان لە ڕێگەی فشار لەسەر دادگا دەچن کەیسەکانیان یان بە لاڕێدا دەبەن یاخود لەسەریان سووک دەکەن.

ڕەفتارو سیاسەتی دەسەڵاتە کەوا دەکا لە لایەکەوە پۆلیس و لایەنی جێبەجێکار نەتوانن وەک و پێویست یاسا جێبەجێبکەن یان دەبنە قوربانی لەو ڕێگایەدا، وە لەلایەکی تریشەوە دەسەڵات خودی خۆی دەبێتە هۆی ساردکردنەوەی لایەنی جێبەجێکار لە جێبەجێکردنی یاسادا. کەواتە تا ئەم دەسەڵاتە سیاسەتی بەم شێوەیە بێت، ژن کوشتن و توندوتیژی لەبەرامبەر ژنان کۆتایی نایەت و تاوانیش هەر بەرەو سەر دەڕوا و کارەساتی لە وێنەی گیان لەدەستدانی نەقیب محمد و برینداربوونی هاوڕێکانی هەر بەردەوامی دەبێ...

لە کۆتاییدا قسەی یەکێ لە ئەفسەرە هاوڕێکانی نەقیب محمد دەهێنمەوە کە وتی:

"ئێمە چۆن بتوانین یاسا جێبەجێبکەین لە کاتێکدا دەسەڵات تاوانباران گل بداتەوەو بیان پارێزێت. ئێمەش بە مەرەدی نەقیب محمد دەچین. بکوژانمان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن و دەرباز دەکرێن لە لایەن بەپرسە گەورەکانی نێو ئەو دەسەڵاتەی کە ئێمە یاسای بۆ جێبەجێ دەکەین. کەواتە ئەگەر پشتمان نەگیرێت ناشتوانین یاسا وەکو پێویست جێبەجێ بکەین. ئەگەر یاساشمان وەکو پێویست پێ جێبەجێ نەکرا ئەوا لە لایەکەوە هەم خۆمان دەبینە قوربانی و هەمیش ناتوانرێت کوشتنی ژنان و توندوتیژی لەبەرامبەریاندا کۆتایی پێ بهێنرێت و هەمیش تاوانباران هەر لە زیادبووندا دەبن"..

## پرسی ژن ؟

بەژنان، لە هەرەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، شەرماووری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، وەرگێڕدراو... تیشک دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ئینسانی و یەکسانیخوازانە..



توندوتیژی دژ دیاردەیەکی توندوتیژی و لەهەر
ڕاپۆرت، بابەتی ڕێگاچارەی

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# "کوشتنی ژن، کوشتنی ژینە"

## نووسینی: دڵرین عیزەدین

ژن کوشتن بوەتە بەشێکی دانەبڕاو لەهەواڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستان، بەجۆرێک لای خەڵکی ئاسایی بووە کە هێندەی هەواڵێکی دواکەوتنی موچە هاوڵاتیان ڕاناچڵەکێنێت .

یەکێک لەو دیاردانەی کە لەم ماوەیەدا لە کۆمەڵگای کوردی و میدیاکانیشەوە زۆر باسی لێوە کراوەو بووە بە بابەتی ڕۆژ، کوشتنی ژنانە بە بیانووی شەرەف و ناموس لە لایەن پیاوانی نزیک و بنەماڵەوە. ژن کوشتن خەریکە دەبێتە نەریت و دیاردەیەکی ترسناک ڕێکخراوە پاشکۆکانی مافی ژنان و مرۆڤیش.

خەریکی ژماردنی تەرمی قوربانیەکانن
میللەتێکن پیاوەتیان بە ژن کوشتن ئەسەلمێنن
ژنیان لا پیرۆزە و ڕێزی ناگرن
عاشق ئەبن و ناتوانن خیانەت نەکەن
خۆشەویستیان دەوێت و
خۆشەویستیش قەت نابەخشن

ژن کوشتن دیاردەیەکی باوی کۆمەڵگەی کوردیە، ئەوەی بەبیانووی ناموس و شەرەف ژن دەکوژێت، هەرخۆیشی ڕۆژانە ناموسی چەند ژنێکی تر ئەتک دەکات، ئەو ژنانەی لەلایەن پیاوەکانەوە دەکوژرێن، هەمان ئەو پیاوانەن کە خۆیان شتێکیان بەناوی ناموس نییە تەنانەت لەهەندێک باردا بکوژ وەک پاڵەوانێک تەماشا دەکرێت، وەک ئەوەی کارێکی گرینگ و تەواو دروستی بە ئەنجام دابێت.

زۆرجار دەبینین بکوژی ژن براوەتە زیندان و دواتر بە لێبوردنەوە هێنراوەتە دەرەوە یاخود لەبەر بوونی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز نەبراوەتە بەردەم یاسا، بۆیە ئەو یاسایانەشی کە کەم تا زۆر مافی ژنیان پاراستووە،بەهۆی دابونەریتو ئایینەوە هەڕەشەیان لێدەکرێتو کەسیش نییە بەرپەرچیان بداتەوە ژن کوشتن بووەتە بەشێک لە هەواڵی تەواو ڕۆتین و ئاسایی ڕۆژانەمان.

یانی جۆرێکی لێ هاتووە گەر ڕۆژێک هەواڵی ژن کوشتن نەبیستین نیگەران دەبین نەوەک ڕەگ و غیرەتی پیاوەکانمان ناقس بووبێ.

سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆر لەرێکخراوەکانی ژنان تا ئێستا نەتوانراوە پرسی کوشتنی ژن بنەبڕ بکرێت، ئەوەی لەئێستادا ئەو ڕێکخراوانە لەکاتی کوشتنی ژنێکدا ئەنجامی دەدەن، جگە لە دەرکردنی بەیاننامەو دەربڕینی ناڕەزایی هیچی دیکە نییە، یاخود دەبینین زۆرێک لەو ژنانەی هەوڵی بزوتنەوەیەکی ژنانەیان داوەو بە ئامانجی چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر چونەتە پێشەوە، بەڵام ئەنجامەکەی ئەوە بووە بەوەرگرتنی چەند پۆستێکی حکومی ماڵئاواییان لە ئامانجەکەیان کردووەو بابەتە سەرەکییەکە لەبیر کراوە، بۆیە دەبێت ڕێکخراوەکانی ژنان ئەوە قبوڵ بکەن کە لە ئاستی پرسەکانی ژناندا کەمتەرخەم بوون و وەک پێویست کاریان بۆ ژن نەکردووە، چونکە ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئێستا دەبینین ئەقڵیەتە ژن کوژەکان کاریان پێدەکرێتو ڕۆژانە بەبەرچاوی یاساوە چەندین ژن دەکوژرێن.

لە کاتێکدا حکوومەت بڕیاری داوە بکوژی ژن لێبووردنی گشتی نەیانگرێتەوە، بەڵام ئەوەش نەبووەتە ڕێگر لە بەردەوامی دیاردەی ژنکوشتن لە کوردستان، ئەگەرچی چەندان دامەزراوەی داکۆکی هەن، کەچی دۆخەکە ئەوەندە تەشەنەی کردووە.

چەندین بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و شەڵتەری دالّدەدان و ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و لیژنەی داکۆکی لە مافەکانی ژنان لە پەرلەمان و سەدان ڕێکخراوی تایبەتمەند هەیە، بەڵام ژن کوشتن بەردەوامە.

ئەمڕۆ سەرەڕای هەمو پێشکەوتنێکی جیهانی لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و مرۆیی ژن کوشتن بوەتە باسێکی سەرەکی میدیاکان و توندوتیژی دژی ژنان پەتایەکی ماڵوێرانکەرە کە جیهان و بەتاییەت کوردستانی سەرقاڵی خۆی کردوە.

دوای کوژرانی هەر ژنێک چالاکانی سۆشیال میدیا پڕ دەکەن لە دروشمی بەرگری لە مافەکانی ژن، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک بێدەنگی لێ دەکرێت و هیچ ڕێکخراوێک نایەنە سەر شەقام .




پێویستە بڵێن کە توندوتیژی دژی ژنان توندوتیژیە دژی هەموو مرۆڤایەتی و بە تاییەتی نەوەکانی دوارۆژ کە توندوتیژی لە ناخیاندا ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە دەکات و بەرهەم دێت .

کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بە کۆدەنگییەوە دژی ئەم دیاردە قێزەونە بوەستنەوەو نیشانی بدەن ئەم عەقڵییەتە دواکەوتوانە لەگەڵ کۆمەڵگای ئەمڕۆدا ناگونجێت .

تاکە ڕێگایەک کە لە بەردەستە بۆ ڕزگارکردنی ژنان لە کۆمەڵگەدا فشار خستنە سەر دەسەڵاتە بەمەبەستی گۆڕینی یاسا نایەکسانەکان کە بەربەستە لە بەردەم هەموو گۆڕانکاری و پێشچونەکانی ژنان.

هەرێمی کوردستان هێشتا لەژێر پرسیاری گەورەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ مافی ژنان دان و هێشتا ئەم پارچەیەی کوردستان وەک ناوچەیەکی مەترسیدار بۆ پرسی ژنان تەماشادەکرێت.

لێرەوە هۆشیاری دەدەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنی پەیوەندیدار کە دیاردەی کوشتنی ژنان بەرەو خاڵێکی مەترسیدار دەڕوات و بەهۆیەوە، گەر پلانێکی هەمەلایەنە بۆ ڕووبەڕوویونەوەی دانەنرێت، کوردستان دەکەوێت ژێر پرسیاری زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، داوا لەرێکخراوەکانی ژنان و مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان دەکەم لەئاستی کوشتنی ژنان و کچان بێدەنگ نەبن.

# هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق و دەرکەوتەکانی

## نووسینی: علی عەزیز

لەئەنجامی فراوانبوونەوەی ناڕەزایەتی فراوانی چین و توێژە جیاجیاکان لە عێراق، دەسەڵاتدارانی عێراق ڕێککەوتن لەسەر هەڵبژادنی پێشوەختە. هەر چەندە هەموو لایەنەکان کۆک نەبوون لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە، چونکە ئەیانزانی کە تا ئەم ساتەوەختە هیچ دەستکەوتێکیان بۆ گەلی عێراق نەبووە چ گەورە چ بچووک، بەتایبەتی لایەنە میلیشیاییەکان کە دەستێکیان لە گەندەڵی و دەستەکەی تریان لەتاوان و



پێشێلکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکاندایە. بەو دوو پێوەرەش ئاستی پشتگیری خۆیان دەزانی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا.

کۆمەڵانی خەڵکی ناڕازی هەر لەسەرەتاوە هیچ ئومێدێکیان بەو هەڵبژاردنە نەبوو, چونکە لە ماوەی هەژدە ساڵی حوکمڕانیدا هەڵبژاردن چ لەعێراق و چ لە کوردستان لە پرۆسەیەکی گاڵتەجاڕی و بەیعەتدان بەولاوە هیچی تر نەبووە! ئیدامەدان بووە بە حوکمێکی تایەفی و قەومی بەهێزی میلیشیایی سەرکوت و تۆقاندن، و زیاتر تاڵانی و زەوتکردنی قوت و مافی ژیان و گوزەرانی خەڵکی، و سنورردارکردنی ماف و ئازادییەکان. دواجار بۆکپکردنەوەی شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵک؛ هەڵبژاردنی پێش وەختە هەڵپروکێنرا بە پیرۆزبایی هێزە دەست ڕۆیشتووە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان، بەڵام بە بایکۆتی فراوانی خەڵک و چینە بێماف و زەحمەتکێشەکان ڕووبەڕوو بۆوە. چونکە لەکۆتاییدا هەڵبژاردن وەک دەسکەوتێکی حزبایەتی و بەش بەشێنەی حزبی وتایەفی و قەومی سەیر دەکرێت، هەرچەندە زۆر بانگەشەکرا بۆ جۆرایەتی و پاکی هەڵبژاردن، بەڵام ئەمە مەقسەد و خواستی خەڵک نەبوو؟ بەڵکو خەڵکی زیاتر ئاو و کارەبا و هەلی کار و ئەمن و ئاسایشیان بەلاوە گرنگ تر بووە لە نوێنەرایەتییەکی ساختە کە خەڵک نە متمانە بە ئیسڵاحە چەواشەکارییەکەی مقتدی ئەکات، نە بەرەوتی قەومچی و سونگەرایی و شیعە گەرایی لایەنە فریودەرەکانی سەرساحەو مەیدانی براوەکانی هەڵبژاردن. مقتدی و پارتی وحلبوسی سێ هێزی سەرەکی براوەی یەکەمی هەڵبژاردن هەرچەندە ئیدعای جۆرجۆراو دەکەن، بەڵام لەراستیدا هیچ باشترنابن لەوانەی پێش خۆیان و درێژە پێدەری هەمان سیاسەتی ساڵانی پێشووی سەرکوت و تاڵانکارین. ڕەوتی ڕووداوەکانی ئایندە بەو شێوەیە کە لەماوەیەکی کەمدا حکومەتی نوێی عێراق دووچاری قەیرانی ئابووری و سیاسی قوڵ دەبێتەوە کەبەم هێزە بیرتەسک و دژە خەڵکییە چارەسەر ناکرێ و عێراق و کوردستان دەباتەوە قۆناغێکی تری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان، کە دوور نییە ناڕەزایەتییەکان بەشێوەیەک فراوان بێت، دابڕانی یەکجاری و یەکلاییکەرەوە دروست بکات لەنێوان خەڵک و دەسەڵات! کە بە هەڵبژاردنی پێشوەخت و نوێنەرایەتی ساختە کۆتا ویستگە نەبێ، و ئاستی داواکاری بگاتە گۆڕانکاری گەورە، تاڕادەیەک وەڵامدەرەوەی داخوازییەکان بێت، بەڵام تا ئەو کاتەو ئەو قۆناغە راگوزەرە پێویستە جەماوەری زەحمەتکێش و خەڵکی کوردستان و عێراق خۆیان بە شێوەک ڕێکبخەن کە جارێکی تر ڕێگر بێت لە حکومەتی تایەفی و قەومی سەرکوتگەر، و خەڵک خۆی بڕیار لە ئایندە و چارەنوسی خۆی بدات، نەک خەڵکانی تر بەناوی پەرلەمان و هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی فریویان بدەنەوە و یاری بە مقدراتیان بکەن....



گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاوەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالّح، حەکیم میرزا



# ناساندنی میتۆد لەپێوانە ڕەخنەیەکاندا ...

## نووسینی: جەمال نوری

*میتۆد بۆ پەردەپۆشکردنی ڕووە بۆش و ناشیرینەکانی تێکست نییە، بەڵکو بۆ ئاشکراکردنی هەموو دیوەکانی تێکستە..

پێوانە رەخنەییەکان بەشێوەیەکی گشتی هوونەری بوون گرنگی داوە بە وشە و واتای جوان.

لەگەڵ ئەوەشدا چالاکی و بەرهەمی رەخنەییمان لەچاو بەرهەمی شیعریدا کز و لاواز دەبینرێت، چونکە تائێستاش وتار و لێکۆڵنەوەی رەخنەیی پێش سەدەی بیستەممان نەهاتووەتە بەردەست و ئەو بەرهەمە رەخنەییانەی کە هەن مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی بیستی سەدەی رابردوو بەدواوە کە رۆژنامەگەری کوردی تیایدا بەرەو گەشەسەندن چووە و چاپەمەنی کوردیش بەرەو پێش هاتووە.

زۆرجار تۆمەتی ئەوە دەدەنە پاڵ نووسەران و ڕەخنەنووسان کە پشتیان بە میتۆد نەبەستووە و ئاگاداری ئەلف و بێی ڕەخنەک نین. بێگومان بەشێک لەم قسانەی دروستی تێدایە، بەو پێیەی تا هەنووکەش بەشێک لەڕەخنەگران نازانن میتۆد چییە؟ یان بە هەڵە میتۆدەکان بەکار دەهێنن.

میتۆد لەبری ئەوەی ببێتە دەروازەیەک بۆ ناسینی دەق، بەڵکو لای ئەو کەسانە دەبێتە ڕووپۆشێک بۆ جوانکردنی سیمای تێکست. ئەمە بێجگە لەوەی بەشێک لەوانەی بە حساب میتۆد بەکاردێنن ناتوانن پەنهانەکانی تێکست بپشکنن و قوولآیی، یان بۆشی تێکست پیشان بدەن...

لەگەڵ ئەو دیاردەی کزی و لاوازییەی رەخنەی کوردیشدا، دەکرێت ئەو راستییە بخرێتە بەرچاو کە لە قۆناغە جیاجیاکانی شیعری کوردی پێش سەدەی بیستەمدا چالاکی رەخنەیی لە ئارادا بووە و شاعیرانی کورد خۆیان لە بەرهەمە شیعرییەکانیاندا تێروانین و بۆچوونی رەخنەییان خستۆتە بەردەست و دەستنیشانی کۆمەڵێ پێوانەی رەخنەییان کردووە.

شاعیرێک لەو شاعیرانەش ئەحمەدی خانییە، کە لە مەم و زینەکەیدا کۆمەڵێک پێوانەی رەخنەیی سەردەمەکەیمان بۆ دیاری دەکات، کاتێ دەڵێ:

لی هێڤی دکەم ژ موستەعیدان حەرفان نەگرن ل موستەفیدان

ئەڤ نامە ئەگەر خراپە گەر قنج کێشایە مە دگەل وی دوو سەد رەنج

نەوبارەیی تیفلی نەورەسیدە هەرچەند نەهن قەوی گوزیدە

لێ من ژ ڕەزان نەکر تەمەتوع مانەندی دزان بکەن تەتەبوع

لێرەدا خانی ئەو راستییە دەخاتە بەردەست کە دەقی شیعری دوای لەدایکبوونی، لەلایەن رەخنەگرانەوە رەخنەی لێ دەگیرێت بۆیە ئەمیش داوا لە رەخنەگران دەکات کە لەکاتی رەخنەگرتندا رەنج و ماندووبوونی شاعیریان لەبەرچاو بێت و ئەگەر کەم و کوڕییەکیش لە شیعرەکەدا هەبوو ئەوا نەیکەنە بەهانە و بەیەکجاری دەقەکە بەبێ سود و بێ کەڵک دابنێن، چونکە هەموو دەقێک کە رەسەن بێت و دزراو نەبێت وەک رۆڵەی شاعیر وایە و لای شاعیر خۆشەویستە و کەسیش پێی خۆش نییە کە بەخراپی لە منداڵەکانی بڕوانرێت. بەو تێروانینە خانی ئاوڕی لە باسێکی رەخنەیی گرنگ داوەتەوە کە کێشەی داهێنانە، لەبەرهەمی شیعری شاعیرانی کرمانجی خوارووشدا دەتوانرێت ئەو راستییە بەدەست بهێنرێت کە چالاکی رەخنەیی هاوتەریبی چالاکی شیعر بووە و بەپێی کۆمەڵێک پێوانەی رەخنەیی چ شاعیران خۆیان بووبن یان گوێگرەکانیان بووبن راوبۆچوونی رەخنەییان دەربارەی دەقی شیعری دەربڕیوە.

لەچەند بەیتێکی نالی دا کۆمەڵێک پێوانەی رەخنەیی خراونەتە روو کە واژەی جوان و زاراوە.

لەبنەما گرنگەکانی رەخنەی ئەدەبی سەردەمەکە بوون، لەو بەیتەدا کە دەڵێ:

کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مانا دەکا

دیارە لێرەدا، نالی روو لەو کەسانە دەکات کە رەخنەیان لێ گرتووە و توانجی ئەوەیان لێ داوە کە شیعر بەزمانی کوردی دەڵێت و شیعر نووسینیش بە کوردی بەهرە و هوونەرمەندیی تیایدا نییە، پێیان دەڵێ کە هوونەرمەندیی لەوەدایە کە چۆن توانیویەتی بەزمانی کوردی ئەو واتا جوان و ناسکانە دەربڕێت، بەم پێیەش نالی لێرەدا بەو پێوانە رەخنەییە (وشە و واتا) شیعری هەڵسەنگاندووە کە بەلایەوە بەهای دەق واتای جوان و نوێیە، نەک هەر بەتەنها وشە.

ئەگەر مۆسیقا زمانێکی تر بێت، وێنە زمانێکی تر بێت، ئەگەر هونەری پەیکەرتاشیش لە خۆیدا زمانێک بێت، ئەوا شیعریش بۆ خۆی زمانێکی ترە، بەلآم لە ناو زمان خۆیدا، واتای ئەوە کە شیعر زمانێکی ترە لە ناو زمان خۆیدا بۆ هەموو زمانێکیش راستە، لەهەر سەردەمێک و رۆژگار و ڕێباز و قوتابخانەیەکدا، چونکە شیعر تەنها زمانێکی ئامرازی نییە و ئایدۆلۆژیا و پەیامەکان چەند بەهێزیشبن لە شیعردا، زمانیان لە شیعردا بۆ دەستەمۆ و کەوی ناکرێت تا لە بۆتەی تاک مانایی بەستێنێکی دیاریکراودا قەتیسی بکەن، چونکە شیعرییەت بۆ خۆی ئەوەی لە باردایە و لێدەوەشێتەوە کە زمان لە مانا دیاریکراو و باوەکاندا تێکبشکێنێت بۆ مانای تر و ئەگەری پەیبردن و خەیاڵی نوێ و بیری نوێ بسازێنێت وەک هیگڵ دەڵێت»ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین تەعریفی هەقیقەت بکەین پێویستمان بە زمانێکی بالآ هەیە »بە هەمان شێوە بۆ کاری شیعر و شیعرییەت پێویستمان بە زمانێکی هەڵکشاو و نا باو هەیە کە دەتوانێت بیر یان خەیاڵی نوێ بسازێنێت.

# بەشێکی تر لەدەقی شەو نییە شانم بەر شانی مردن نەکەوێت



دڵم کەوتە خوارەوە
بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم
درۆم لەگەڵ ئەستێرەکان کرد
سێبەری تەنیایی خۆم لەژێر سەرینەکەی
دایکما شاردەوە
بەدەم ڕێگای مردنەوە قاقای پێکەنینم
لێدەدا
بەوپەڕی قەلەقیەوە سەرم بەکۆشی
کافرو جولەکەدا دەکرد
جارجارە سەرێکم ڕادەوەشاندو عارەقەیەکی سارد ساردم دەکردەوە

بەخۆم نەزانی نامەیەکم بۆ ئەو ناردوو
تێیدا نوسیم بمبورە ئیتر لەمەولا
بەیانی باشت لێناکەم و قاوەت لەگەڵ ناخۆمەوە
من پیاوێکی درۆزنبوم
بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم کڕین و فرۆشتنم
پێوە دەکرا
هەر رۆژەی یەکێک لەدواوە
چەقۆی بەپشتە ملم تیژ دەکردەوە

زۆر قەلەقم ئەڵێی ماخۆلانم پێکەوتووە
جێگە بەخۆم ناگرم
هەموو جەستەم ئەڵێی شەقشەقەیە دەلەرزێت
دایکم بەتیلەی چاو سەیرم دەکات و
وەک ئەوەی دڵی نەیەت پێمبڵێت
کوڕم برۆ بەر ئاوێنەکەو سەیرێکی ڕوخساری خۆت بکە هەر بەتەواوی ڕەنگی
مردوت لێنیشتووە

زۆر ستریسم
جێگا بەخۆم ناگرم
خۆمم بۆناخرێتەوە شوێنی خۆم
چاوم ڕەشکەو پێشکەدەکات
بێتاقەتیم پیادەچۆڕێتەوە
زۆر قەلەقم نازانم لەکوێ دەژیم
لەسواڵکەرێکی بێ ئەدرێس دەچم
کەمەست دەبم حەزدەکەم بفڕم
هەموو شتێکم لێ دەبێتە ئاسمان و
لەتێک نان

ئەزانم هیچ کەسێک بیر لەمردنم ناکاتەوە
بەڕۆژەکانی حەفتەدا دەزانم
باوکم لەبەهەشتەوە چاوەڕوانیم دەکات
هەموو شەوێک نامەیەکم بۆدەنێرێت و
بۆم دەنوسێت
کوڕم ئاگاداربە هەموو دونیا بەستویەتی

زۆر قەلەقم
شەوانە نازانم لەسەر چ لایەک بخەوم
کەگوێم لەلێدانی دڵی خۆم دەبێت
هەردوو چاوم دەکەوێتە فڕین
ماتەمینیەکی قوڵ قوڵ دام دەگرێت و
هێزی تف قوتدانیشم نامێنێت
زۆر ستریسم
کەدەگەمە ئەوسەری کۆڵانەکەی
ماڵی مردن هەموو جەستەم
دادەمرکێت
شەو نییە شانم بەرشانی مردن نەکەوێت
...............
١/١٢/٢٠٢١

میرزا

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ نەغەدە عوسمان ناسراو " بە کچەکەی کەژاڵ" سەبارەت بەرۆڵ و هەڵسورانی لە زەمینەی سیاسی و جەماوەریدا...

**بۆپێشەوە: چ هەستێکت هەیە کە پێت دەڵێن کچەکەی کەژاڵیت؟**

**نەغەدە عوسمان:** من لێرەوە تەواوی خۆشەویستی خۆم پێشکەش دەکەم بە هەموو ئەو کەسانەی لەهەر شوێنێکی دنیادا کۆمێنت و وتەی جوانیان بۆ ئەو گرتە ڤیدیۆیە نوسیوە، وە سوپاسی تەواوی ئەو کەسانە دەکەم کە بەتایبەتی داوایان کردوە وێنەی یادگاری و خۆشەویستیم لەگەڵ بگرن. من بۆ هەمیشە لەگەڵ هەموو ئازارەکان و مافەکان و داواکارییەکانی هەموتانم، خۆشم دەوێن.

کاتێک ئەو خەندە ڕاستەقینە پڕ قینە بەرامبەر بە دەسەڵات دەبینم لەسەر لێوی گەشی خەڵک لەکاتی سەیرکردنی گرتەڤیدیۆ کەدا، هەست دەکەم پەیامێکی بەجێم گەیاندوە بە دەسەڵاتداران، کە چیتر قبوڵی ناکەین وڵات بکەیتە دۆزەخ بۆ دەرپەڕاندن و ئاوارەبونی گەنجانمان. لێرەوە دەڵێم ئێوە ئەو دەسەڵاتەن کە بارودۆخێکی نالەبار لەدوای لێدانی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانیانەوە بەسەر ئەم هەرێمەیدا سەپاندووە، بەبێ ویستی خەڵکەکەی.

**بۆپێشەوە: زۆرێک دەپرسن چۆن لەناو ئەو تورڕییەدا ئەوەت بۆهات لە پێشکەش کار بپرسیت تۆ کچەکەی کەژاڵی؟ کاردانەوەی خەڵک دوای ئەو گرتە ڤیدیۆیەی لە سۆشیال میدیا بڵاوبووەو بەرامبەرت چۆنە؟**

**نەغەدە عوسمان:** هەر وەک پێشکەش کار خودی خۆی دەپرسێ دەڵێت بۆ وا دڵت پڕە بۆ وا بە حەماسی؟ بەدڵنیاییەوە ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی خوێندکاران لەئەنجامی پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵات، وە کاریگەری زۆری ئەو هەموو گازە کوشندەیەو بینینی ئەو ژمارە یەکجار زۆرەی خوێندکارانی کچ و کوڕ کە لەسەر ئەو جادەیە دەکەوتن بەخۆشمەوە خەریک بوو تەواو لە هۆش دەچوین، لە پڕ کچێک دێتە بەردەمت پرسیارت لێ دەکات بۆ وا بە حەماسی؟ لەلایەک عەینەکت لەسەر زەوی کەوتوەتە ژێرقاچی خەڵکەکەوە، لەلایەک گازی فرمێسک ڕێژ کاری لەهەناسەو چاوت کردوە، هیچ نابینی، ئیتر لەکوێ بزانم لێدوانم لێ وەردەگیرێ! من هۆکاری پرسیارەکەم جوابەکەی تەنها لای خۆمە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەبوونی ژیلە عەلی کچی کەژال، کە سەرم سوڕمابوو چۆن زاتی ئەوەی هەبوو لەو کاتەدا هاتۆتە ناو ناوەندی ناڕەزایەتیەکە! ئەمە هۆکاری پرسیاری کچەکەی کەژاڵە، کە پێشتر ناسیومە هەر ئەم پێشکەشکارە جاری تر چاوپێکەوتنی لەگەڵ مندا کردوە، دیارە هۆکارەکەش هەر ئەمە بووە بۆیە هاتووە لێدوانم لێوەرگرێ، لەلایەکی تر لەو ناوەندەی منی لێ بووم تەنها کەسی بەتەمەنی غەیرە خوێندکار بووم، دیارە هۆکاری لێدوانەکەش هەر ئەوەیە، دیارە خۆشم کە ڤیدیۆکەم دی بەڕاست دیمەنێکی پێکەنین ئامێز بوو لام، کە لەو هەموو تورڕەیی و پەلاماری چالاکوان بۆسەر خوێندکارەکان هاتمە سەر ئەو پرسیارە! ئیتر ئەمە ناڕەزایەتیەو ئەوەشی تێدا دەخولقێ، گرنگ ئەوەبوو من لەو ڕۆژە پڕ تەنگەژەو نائارامی و پشێویەدا بزەم خستە سەر لێوی خەڵک، بەوانەشەوە کە منداڵ و کەس و کاریان گیرا بوو بەوە زۆر دڵخۆش بوم.

**بۆپێشەوە: تۆ کە خوێندکارنیت، چۆن بوو بەشداری خۆپیشاندانی خوێندکارانت کرد لە پێناو خواستەکانیاندا؟**

**نەغەدە عوسمان:** ئێمە مانان لەوەدەچێت ژمارەیەکی بارزو دیاری ئەم شارەبین، هەمیشە لە ناڕەزایەتیەکاندا ئەندام بین، وەخۆمان بە بەرگریکاری هەموو ناڕەزایەتییە ڕەواکان دەزانین، گەر لەگەڵیان نەبین شان بەشانیان، ئەوە خۆمان بە کەمتەرخەم و نابەرپرس دەزانین بەرامبەر بە داواکارییەکانیان.

بەشداریکردنی من لە ناڕەزایەتی خوێندکارانی پەیمانگاو زانکۆکانی سلێمانی لەم ساڵدا، هۆکاری یەکەمم، دڵخۆشیم بوو بەوەی کە خوێندکاران بە هێزێکی گەورەوە هاتنە مەیدانی ناڕەزایەتیەکانەوە، وە بینینی ئەو ئاپۆڕە گەورەیەی خوێندکاران ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەرجەم خوێندکارانی پیشەیی و دواناوەندی و پەیمانگاو زانکۆکانی بەبیر دەهێنامەوە، کە هەمیشە هۆکاری چاوترسێنی ڕژێمی ئەوکات بوون، هۆکارێکی تر ئەوەیە کە ناڕەزایەتی هیچ کات سنوردار نەکراوە بە توێژێکی دیاریکراوەوە، بەتایبەتی لەهەرێمی کوردستاندا کە سەرجەم کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێکاران و فەرمانبەران و خوێندکاران، لەلایەن دەسەڵات و خاوەنکارەوە زوڵم لێکراون، وە سەرجەم خواستەکانیان قۆرخ کراوەو پێشێلی لە هەموو جومگەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بە ڕون و ئاشکرا هاوار دەکات، بەداخەوە دەسەڵاتی سەرمایەداری کوردایەتی هیچ کات دەربەست نەبوە بە داواکاریەکانی خەڵک و هات و هاواریان، وەک بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە دیارە. یەکەم جارە دەسەڵات بۆ ناڕەزایەتیەکان مەرج دادەنێ کە نابێت کەسان و لایەنێک تێکەڵ بە ناڕەزایەتیەکانی خوێندکاران ببێتەوە، ئەمەش بۆ مانەوەی هێزە لەرزۆکەکەیەتی ئەویش لە ڕێگای پەرش و بڵاوکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەک ڕیزیەی خەڵکی ناڕازی لەبەرامبەر خواست و مافەکانیاندا، بەتایبەتی کەدەبینن ئاپۆڕایەکی وا گەورەو بەهێز کە ڕۆژێک دەبێتە هۆکاری کۆتایهێنان بەم دەسەڵاتە گەندەڵ و کۆنەپەرست و سەرکوتگەرە، بۆیە خێرا سیاسەتی تۆقێنەرو پلانی ڕەشبگیری وکەوتنە گیانی خەڵک و ڕشتنی گازی یەک لەسەر یەکی بەکاردەهێنا، لەلایەکی ترەوە ڕێگا گرتن و پەلاماری مێردمناڵ و ئەو گەنجانەیدا کە تازە دێنە دنیای سیاسەت و بەرەنگاربونەوەی ناهەقیەکان، بۆیە هەرچی بەردەستکەوێت بیخاتە سەیارەی ئەمن و ئاسایشە ئاساکانی بەعسەوە، بەبەکارهێنانی، ئەو هێزە دڕندەیەی وەک قوات خاسەو جەیش شەعبی زەمانی حەفتاو هەشتاکانی بەعس پەروەردە کراون، کەبە فرسەتهێنان لە باروگوزەران و بێکاری و بێ مووچەیی و گیرفان بەتاڵ، ناچار بە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایەیان دەکات، کە ژمارەیەکی زۆریان بەدڵنیایەوە پلەکانی خوێندنیشان تەواو کردوە، بەڵام ئەمانیش هاوشێوەی ئەو هێزەن کەتەنها هۆکاری کەڵەکەی سەرمایەی خاوەن زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکانن، کە هەر سەر بە دەسەڵاتی دوو حیزی بنەماڵەو کاسە لێسەکانیانن، کە بە شێوەیەک لەژێر سایەی حکومەتی کوردیدان، خەڵک بترسێنێ وە خەڵک لە داوا بەرهەقەکانی خۆی پەشیمان بکاتەوە، کە هەموو ڕێگاکانی ئازاردان، ڕفاندن، زیندانیکردنی بەکاربهێنێ، دەسەڵات دەیەویت بڵێ ئەوە منم هەموو خوێندکار بێماف دەکەم، موچەخۆر بێ موچە، دەوام پێدەکەم. خزمەتگوزارییەکانتان کۆتا شتە بیری لێبکەمەوە، وەهیچ کەسیش بۆی نییە بەرامبەرم زمان هەڵبهێنەتەوە، ئەگەر نا ئەوە زمانی بۆ کورت دەکەمەوە، ئیتر ئەمەیە مێژووی زیاتر لە سی ساڵ فەرمانڕەوایی هەردوو حیزبی بنەماڵەو حیزبە هاوپەیمانەکانیان کە شەریکە دزی و هەموو بڕیارە دژ بە ئازادی و یەکسانی ژنان و پیاوان وە باشترکردن و مسۆگەرکردنی ژیانی منداڵان ژیانێکی باشتر بۆ خەڵک، وە دیارە ئێستا باشترین کاتە دژ بەو پلانە پوچەڵانەی دەسەڵات کە خەڵک مانگرتن و ناڕەزایەتیەکانی سەراسەری بکاتەوە، لە هەموو هەرێمدا ڕایگەیەنێت، حکومەتێک تا بینەقاقای لە قەرزی فەرمانبەرو چی مووچەخۆریدایە بێت کەچی هێشتا هیچ وەڵامێکی لانەبێت و برسیکردن و زەوتکردنی ئازادی و ژیانی خەڵکی بەبارمتە گرتبێت کەچی زۆر بێ شەرمانە، بەردەوام سەرمایەکەی لە کەڵەکە بون و برەودا بێت، ئیتر دەبێت خەڵک چاوەڕوانی چی بکات.



**بۆپێشەوە: لەکەیەوە بەشداری کاری سیاسی و جەماوەریت کردوە، وە ئامانجت لەو بەشداریە چییە؟**

**نەغەدە عوسمان:** من وەک نەغەدەی شێخ عوسمان باراوی، مێژوویەکی خێزانیم هەیە لە دنیای سیاسەتدا، کە ئەمە هەڵبژاردەی خۆم نییە و تێدا خولقاوم، چونکە منیش ئەندامێکی ئەو خێزانە بووم، وە جێی شانازیمە کە کچی پیاوێک و خێزانێک بوم، هیچ کات ڕێگریان لێ نەکردوم هەتا کە کاری هەرزەییشم کردبێت لە دنیای سیاسەتدا.

کاری سیاسیم و بەردەوامیم لە دنیای سیاسەتدا تا ئێستا، خۆم پلانم بۆ دانابێ و بڕیارم لەسەردابێ لەساڵی ١٩٨٠ وە، کاتێک براکەم کە لەمن منداڵتر بوو بە دڕندەترین شێوە لەلایەن ڕژێمی بەعسی ناسیۆنالیستەوە لەناوبرا، ئیتر ئەمە بوو بە هۆکاری بڕیاری کاری سیاسیم وەک چونە ناو تەنزیمێکی ڕێکخراوەیی، ئەوەی من لەم ساتەشدا دوبارە هەست بە لێدانی دڵم دەکەمەوە، چونکە گەنج بووم، گەنجێکی چاونەترس حەزم دەکرد لەسەر ناوچەوانم بنوسرێ من سیاسیم، چونکە ژمارەیەکی بەرچاو خەڵکی سیاسیم لەدەور بوو دەشمزانی کاری سیاسی دەکەن، ئەوان لەکەسە سیاسیە قوتبە دیارەکان بون بۆمن و هەزاران گەنجی کاتی خۆی، بەتایبەتی جێی سەرنجی من بون، لەوانە کاکم برای ئازیزم شێخ عەفان، هاوڕێیی ڕێی خەباتم کۆچکردوو هاورێ جەبار مستەفا، وە شێخ لەتیفی شێخ عمر کە هۆکاری ناساندنی خەڵکێکی بەرچاوی سیاسی چەپەکان و کۆمۆنستی ئەوکات بوو، کە گەزگەز باڵام پێدەکرد، کەسێکم لەم کەسایەتیە سیاسیانە نزیکم.

بۆ لاپەڕە 12



# عادل ئەحمەد: قبوڵ نەکردنی ئەم دەسەڵاتانە ئاوات و ئامانجی سەرجەم کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگەی عێراقە. ئەم هەڵبژاردنە ئەم پەیامەی دا بە کۆمەڵگە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز (عادل ئەحمەد) هەڵسوڕاوی کۆمۆنیستی و کرێکاری، سەبارەت بە عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق...

**بۆپێشەوە: شکستی هەڵبژاردنەکان لەڕێگای بەشداری نەکردنی زوربەی زۆری خەڵکەوە، هەڵگری چ پەیامێکە؟**

**عادل ئەحمەد:** ئەو پەیامەی کە جەماوەری ناڕازی لەم هەڵبژاردنەدا دای بە دەستەوە؛ پەیامی ڕەتکردنەوەی تەواوی عەمەلیەی سیاسییە. جەماوەری کرێکار و زەحمتکێش و نەداری عێراق و کوردستان، نەک هەرهیچ بەرژەوەندیەکیان نییە لە هەڵبژاردن و مانەوەی ئەم دەسەڵاتدارێتیە، بەڵکو ئەم دەسەڵاتە قەومی و تایفی و ئیسلامیانە بە سەرچاوەی تەواوی مەینەتیەکانی خۆیانی دەزانن. هەر بۆیە قبوڵنەکردنی ئەم دەسەڵاتانە ئاوات و ئامانجی سەرجەم کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگەی عێراقە. ئەم هەڵبژاردنە ئەم پەیامەیدا بە کۆمەڵگە.

**ئەو پەیامەی کە جەماوەری ناڕازی لەم هەڵبژاردنەدا دای بە دەستەوە؛ پەیامی ڕەتکردنەوەی تەواوی عەمەلیەی سیاسییە. جەماوەری کرێکار و زەحمتکێش و نەداری عێراق و کوردستان، نەك هەرهیچ بەرژەوەندیەکیان نییە لە هەڵبژاردن و مانەوەی ئەم دەسەڵاتدارێتیە، بەڵکو ئەم دەسەڵاتە قەومی و تایفی و ئیسلامیانە بە سەرچاوەی تەواوی مەینەتیەکانی خۆیانی دەزانن**

**بۆپێشەوە: خەڵکی عێراق و کوردستان بە ڕەتکردنەوەی بەشداری لەهەڵبژاردندا، "نا" یەکی گەورەیان بە حزب و لایەنە سیاسیەکانیدا، ئەرکی داهاتووی خەڵکی عێراق و کوردستان لەبەرامبەر ئەو هێزانەدا چییە؟**

**عادل ئەحمەد:** ئەوەی لەم هەڵبژاردنەی ئەخیری عێراق و کوردستان ڕوویدا، یەک وەرچەرخانی گرنک بوو لە هاوکێشەی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا۔ وەرچەرخانێک کە قڵشتی نێوان دەسەڵات و خەڵکی زۆر فراوانتر و گەورەتر کردۆتەوە، کە بووەتە هۆی نیگەرانی سەرجەم ئەحزاب و کتلە سیاسیەکانی نێو گەمەی سیاسی عێراق و کوردستان. لەم هەڵبژاردنەدا وێرای نەچوونی خەڵک بۆ دەنگدان، یەک کەمپینی خۆرسکی جەماوەری لە دژی هەڵبژاردن و تەواوی عەمەلیەی سیاسی بەڕێوە چوو کە تەواوی ئەحزابەکان وێڕای فریو و درۆ و بەڵێنی درۆزنانە و تەنانەت هەڕەشەی نان بڕین، توشی سەرە گێژە و شپرزەیی کردبوون، تا ئێستا نەهاتوونەتە هۆشی خۆیان. تەماشای ڕەوتی بەدر و ئەهلی حەق و حەشدی شەعبی بکەن لە عێراق، و تەماشای یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان بکەن، لەزاری ڕابەرەکانیانەوە گوێ بیستی قسەکانیان بین دەزانین چەندە ئەم هەڵبژاردنە گوشاری لەسەر داناون. قسەکانی پاڤێڵ تاڵەبانی لەگەڵ نوێنەرانی خوێندکارانی ناڕازیدا کە دزەی کردبووە دەرەوە، لەسەر ڕێژەی بەشداربووانی هەڵبژاردنەکان، و بە وتەی پاڤێڵ تاڵەبانی لە ٦٥٪ی خەڵکی نەک ئەوانی ناوێت، بەڵکو ڕقیشیان لە دەسەڵاتی ئەوانە، ئەمە خۆی ئیعترافێکی ڕاشکاوانەیە لەسەر ڕاستی ئەم بۆچوونەی ئێمە. بە بڕوای من کۆمەڵگەی عیراق و خەباتی چینایەتی پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە. ئەم بەرامبەرکێ تازەیە مۆرکی سەرهەڵدانێکی سەرەتایی هۆشیاری چینایەتی پێوە دیارە. **تەیفێکی فراوان لە کرێکاران و بێکاران ڕۆڵێکی گەورەیان بینیووە لە هوشیارکردنەوەی جەماوەریدا بە دژی هەڵبژاردن و پەرلەماندا**، گەرچی سەرەتایی و دەسپێکە، بەڵام گەورەو کاریگەرە لەسەر داهاتووی کۆمەڵگە.

سەبارەت بە ئەرکی داهاتووی خەڵکی عێراق و کوردستان لە بەرامبەر ئەم هێزانەدا؟ بریتیە لەخۆ ئامادەکردنی زیاتر بۆ ڕووبەڕو بوونەوەی زیاتر بۆ بەدەستهێنانی داخوازیەکانیان، هاوتا خۆ ڕێکخستن و خۆ سازدان لە دەوری داخوازی ڕۆشن و سەراسەریدا. **بە بێ خۆڕێکخستن، بە بێ ئامادەیی ڕێکخراوبوون، ئەوەی تا ئێستا کاری بۆ کراوە دەچێتە گیرفانی لایەنێکی تری دەسەڵاتەوە**...هەر بۆیە دوای ئەم سەرکەوتنە نیسبیە نۆرەی ئامادە باشی و یەکگرتوویی جەماوەرییە بۆ سەرکەوتنی یەکجاری.

**بۆپێشەوە: جەماوەری کرێکارو بێبەشی عێراق و کوردستان، ڕۆڵیان لە پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمانی عێراق، چۆن دەبێت؟**

**ئەوەی لەم هەڵبژاردنەی ئەخیری عێراق و کوردستان ڕوویدا، یەك وەرچەرخانی گرنك بوو لە هاوکێشەی نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا۔ وەرچەرخانێك کە قڵشتی نێوان دەسەڵات و خەڵکی زۆر فراوانتر و گەورەتر کردۆتەوە، کە بووەتە هۆی نیگەرانی سەرجەم ئەحزاب و کتلە سیاسیەکانی نێو گەمەی سیاسی عێراق و کوردستان**

**عادل ئەحمەد:** من پێم وا نییە تا ئێستا جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق و کوردستان هیچ ڕۆڵێکیان هەبوو بێت لە حکومەت و پەرلەماندا، ئەم ڕووداوەی ئەخیری هەڵبژاردن ئەوەندەی تر ئەم مەسەلەیەی ڕۆشنتر کردۆتەوە کە هەڵبژاردن و دەنگ کۆکردنەوە بۆ دەسەڵاتداران بێجگە لە چەکێک بۆ دابەشکردنی محاصصە (بەشبەشێن) و بەشە داهات هیچ بایەخێکی تری نییە. لە دوای هەموو هەڵبژاردنێکدا ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپتر چووە و هەژاری و برسیەتی و بێکاری بەرەو سەرەوە هەڵکشاوە. هەر بۆیە ئەم هەڵبژاردنەی ئەخیر کە لە ٨٠٪ی جەماوەر بایکۆتی کردووە، هیچ پاساوێک بۆ دەسەڵاتداران ناهێڵێتەوە کە بەناوی زۆرینەوە دەسەڵاتدارێتی بکەن. من پێم وایە ڕۆڵی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق و کوردستان بۆ قوڵکردنەوەی ئەزمەی دەسەڵات زۆر گەورە تر ئەبێتەوە.

**بۆپێشەوە: چەندین خۆپیێشاندان بەدژی ئاکامی هەڵبژاردنەکان لە بەشێک لە شارەکانی عێراق دەستی پێکرد، ئەم خۆپێشاندانانە تا چەندە کاریگەری لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەبێت؟**

**عادل ئەحمەد: ئەو خۆپێشاندانەی تا ئێستا لە ئارادایە لە دژی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، خۆبێشاندانی ئەو بەشە لە دەسەڵاتە کە لەم هەڵبژاردنەدا دەنگی کەمی هێناوە وەک بەدر و حیزبوڵا**، یان بە کورتیەکەی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق. ئەم ڕەوتانە خۆپێشاندان وەک کارتێک بەکارئەهێنن بۆ بەدەستهێنانی بەشی زیاتر لە دەسەڵات کە لەم هەڵبژاردنەدا پایە و نفوزی جەماوەریان زۆر هاتۆتە خوارەوە. ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ گورزێکی گەورەی دا لە نفوزی (پێگە) ئێران و دارو دەستەکانی لە عێراق. بۆ هەمووان ڕۆشنبوو کە ئەو هەموو قوربانیانەی ئینتفازەی ئۆکتۆبەر و ئیغتیالات (تیرۆر) و ئەشکەنجەی ڕابەرانی خۆپێشاندەکان، لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پشتیەوە بووە، هەر بۆیە وەڵامی جەماوەری بۆ ئەو دەست درێژیەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم هەڵبژاردنەی ئەخیردا بە ڕۆشنی خۆی نیشاندا. بە بڕوای من ئەم خۆپێشاندانانە هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی نابێت لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان، ئەوەیان بڕاوەیە کە کتلەی سەدر بەشی هەرە زۆری کێکەکەی بەر دەکەوێت، ئەمجارە کە تا حەدێک ئەمریکا پشتیوانی لێدەکات. ئەوەی کە کاریگەری ڕاستەقینە لەسەر داهاتووی عێراقدا دەبێت نارەزایەتیە جەماوەرییەکانە، ئەوەشی کە کۆتایی بەم دەسەڵاتە ئەهێنێت یەکگرتوویی و ڕێکخراوبوونی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق و کوردستانە.

# یوسف عوسمان: بایکۆتی گشتی خەڵك بەو ڕێژەیە بەشێکە لە خەبات دەرهەق بەدەسەڵاتدارانی هەردوو حیزب دەیکات، پەیامێکی ڕوونی ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتیانە بەگشتی...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز (یوسف عوسمان) چاودێری سیاسی سەبارەت بە عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق...

**بۆپێشەوە: شکستی هەڵبژاردنەکان لەرێگای بەشداری نەکردنی زوربەی زۆری خەڵکەوە، هەڵگری چ پەیامێکە؟**

**یوسف عوسمان:** لەکۆی عێراق ئەگەر سەرنج بدەین لەشەشەمین گەڕی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی لەدوای ساڵی ۲۰۰۳ی کۆتاییهاتنی حوکمی بەعس. جار لەدوای جا بەشداری خەڵک کەمتر دەبێتەوە. بەگشتی بەفەرمی دیاری کرا بەلە ۲۵٪ . ئەگەرچی لەهەندێک ناوچەی عێراق وەک شاری بەسراو و ناسریە بۆ لەسەدا سیانزە۱۳٪ و بگرە بۆ۸٪ سەدا هەشتی بەشداری خەڵکیش نزم بوویتەوە. بەتایبەت خەڵکی چینی هەرە دواوە و توێژی ناوەڕاست زیاتر ئەو ڕۆژە هەر لەماڵ نەچوویتە دەرەوە. بەهەمان شێوە کوردستانیش. پەیامەکە ڕوونە هێشتا خەڵک دەیەوێ لەڕێگای بەشداری نەکردن دەنگی نارەزایی بگەیەنێتە دەسەڵات. کەبووینە هۆکاری ڕاستەقینەی ماڵوێرانی گەلانی عێراق بەگشتی.

**بۆپێشەوە: تا چەندە لاتان وایە داخوازییە سیاسی و حقوقیەکانی خەڵکی کوردستان، لەڕێگای بەشداری لە حکومەت و پەرلەمانی عێراقدا، بەدی دێت؟**

**یوسف عوسمان:** هەر دەبێ یەکلاییکردنەوەی ململانێیە سیاسیەکان لەڕێی هەڵبژاردن بێ. چونکە خەڵک لەئێستادا هیچ بژاردەیەکی تری لەبەردەم نییە پەنای بۆ ببات، لەبەر مەترسی تێکچوونی یەکجارەکی ئەو دۆخە تارادەیەک سەقامگیرەی ئێرە (کوردستان) لەناو چوارگۆشەی دۆزەخی عێراق و ناوچەکە. بەڵام پێموایە بایکۆتی گشتی خەڵک بەو ڕێژەیە هەر بەشێکە لە خەبات دەرهەق بەدەسەڵاتدارانی هەردوو حیزب دەیکات، پەیامێکی ڕوونی ڕەت کردنەوەی دەسەڵاتیانە کەبەگشتی زەحمەتە لێرە ئەگەر ۱۳٪ سەدا سیانزەی تێپەڕاندبێ. ئەویش لەو تەزویرە بەئاشکرایەی بردنەوەی ئامێری دروستکردنی کارتی هەڵبژاردن و نەبوونی ئازادی تەواوی هاوڵاتی لەدەنگدان، و وەک بەدیار کەوت هەتا ڕۆژی ئەورۆش نەیانتووانیوە چەند کورسیەک لەگەڵ یەک یەکلاییبکەنەوە. وەک بەدیاریش کەوت لەهەولێر بارتەقی هەموو عێراق تەزویر کرایە . ئەمانەش لەقالبی تۆڵەکردنەوەی دوو حیزبی سەرەکی پارتی و یەکێتی ڕەنگی داوەتەوە لەسەر هەڵبژاردن و دیاریکردنی هەتا سەرۆک کۆماری عێراقیش لەنێوان خۆیان. کەهاوڵاتی سادەی سەرجادە هیچ ڕۆڵێکی تیا نییە، و زیاتر خۆی لەسەفەقاتی پارەی پێشوەختە دەبینێتەوە لەنێوان خۆیان.

**بۆپێشەوە: خەڵکی عێراق و کوردستان بە ڕەتکردنەوەی بەشداری لەهەڵبژاردندا، "نا" یەکی گەورەیان بە حزب و لایەنە سیاسیەکانیدا، ئەرکی داهاتووی خەڵکی عێراق و کوردستان لەبەرامبەر ئەو هێزانەدا چییە؟**

**یوسف عوسمان:** دیارە ئەرکی عێراقیەکان بەگشتی ئاسان نییە لەئاییندە بەشێوەیەک چاکسازی پرۆسەی سیاسی گەیشتۆتە ئاستێکی بنەبەستی تەواو. کەخەڵک وەک لای خۆمان بەدیار کەوت بەدەستە جەمعی ماڵ و حاڵی خۆی هەڕاج دەکاو بەمنداڵەوە سەری خۆیان هەڵدەگرن و ڕوو لەڕێی هات و نەهاتی ئەو زستانەی جەنگەڵە سارده بەستووەکانی باکووری ئەورووپا دەکات لەبیلاڕوسیاو لیتوانیاو پۆڵەندە. ئەوانە هەر خەڵکی سادە نین بەشی هەرە زۆریان گەنج و خوێندەواریشن. بەئاگان لەوەی ئەو هێزانە هیچ باکیان بەهاوڵاتی نییەو هەموو ماشەی داگیرکەرانن لە تالانکردنی داهاتی سەرخان و ژێرخانی ئەو وڵاتە زەنگینە. وەڵامی تر لەهەموو دونیا ئەگەر توێژی جیفلقاوەی خواری خوارەوە بێ ئاگاو ناهۆشیار و نەخوێندەوار بێت و نەتوانی خۆی ڕێکبخاو تواناکانی ئاراستە نەکات. ئەگەر نارەزاییشی هەبێت ئەوا ڕۆڵێکی نێگەتیڤانە دەبێت لەگازاندە زیاتر نابێت. لەهەموو گۆڕانکاریەکانی مێژووش هەروا بووە دەبێت ڕێکخستنێک هەبێت خەڵک ئاراستە بکات. دیارە لای خۆمان لەساڵی ۲۰۰۹ ەوە بەئاشکرا خەڵکی نارازی جادەی لەدەسەڵات گرتیە لەکەمی خزمەتگوزاری گەیشتووی تاک لەداهاتی بێشوماری وڵات لە نەوت و خاڵ گومرگیەکانی سنوورەکان. بەڵام لەکۆتا ئەو بەناو ئۆپۆزسیۆنانەش دەبینین خۆیان بوونەوە دارشەقی بن باڵی بە پێوە وەستان و بەردەوامی ئەو دەسەڵاتە. کە ئەوەش بێ ئومێدیەکی تەواوی لای خەڵک دروست کردیە. زەحمەتە جارێ وا بەئاسانی ئەو تەمە برەوێتەوە.

**بۆپێشەوە: هێرشەکانی داعش بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە و ناوچە کوردنشینەکان، چ پەیامێکی پێیە بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراقی و پرۆسەی سیاسی لە عێراق.**

**یوسف عوسمان:** هێرشەکانی داعش زۆر هەڵدەگری قسەی لەسەر بکرێ و کاریگەریەکانی هەمەلایەنەیە مەسەلەی داگیرکردنی خاک و دەرپەڕاندنی خەڵک لەزێدی خۆیان و جێبەجێکردنی ئەجێندای دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کەڕاستەوخۆ پەیامەکان ڕوونی خۆیان چ دەسەڵاتێکیان دەوێ لەڕێگای کوشتن و خوێنڕێژی ئەو گروپە جێبەجێی دەکەن لە پێکهاتنی پێشوەختەی نێوان خۆیان. ئاشکرایە هاتنی حەلبەوسی و کازمیش لەدوای هێرشەکانی داعش بۆسەر کوردستان کەحکوومەتێکی گوێ لەمستی خۆیانیان دەوێ کەزیاتر لەئەنقەرەی پێتەختی تورکیا بەهەماهەنگی وڵاتانی کەنداو پێخۆش بوونی هەردوو حیزبی سەرەکی ئێرە بۆ زیاتر داگیرکردنی خاک و ئەو شوێنانەی نەوتی تیایە. لەژێر چاودێری جموجۆڵە گومانیاوەکانی هێزەکانی ئەمێریکا.

**بۆپێشەوە: کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق چ کاریگەریەکی لەسەر پرۆسەی دروستکردنی حکومەتی داهاتوو دەبێت؟**

**یوسف عوسمان:** وەک ئەوەی لەو دوو ڕۆژە باسدەکرێ لەکشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمێریکا لەکۆتایی ئەو مانگە. پێموایە تەواوی هاوکێشە سیاسیەکان ئاوەژۆدەکاتەوە بەرەو تۆنێلێکی تاریک و تەنگی دەبات، بەڵام خاڵێکی گرنگی وەرچەرخانیش دەبی لەبۆ گۆڕانکاری. دوور نییە ئاییندەی سیاسی باش نەبێت وەک خەڵک دەیبینێ و ترسی لێی هەیە، وەک گەڕانەوەی بەهێزی داعشە ئەوەش نەک دروستکردنی حکومەت، بەڵکو و تەواوی ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی ئابووری داهاتووی خەڵکی دەکەوێتە بەردەست، زەحمەتە بەئاراستەی بەنموونە وێنەی ئەفغانستاندا بڕوات.

**کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمێریکا لەکۆتایی ئەو مانگە، پێموایە تەواوی هاوکێشە سیاسییەکان ئاوەژۆدەکاتەوە بەرەو تۆنێلێکی تاريك و تەنگی دەبات، بەڵام خاڵێکی گرنگی وەرچەرخانیش دەبی لەبۆ گۆڕانکاری...**

**لەهەموو دونیا ئەگەر توێژی جی فیلقاوەی خواری خوارەوە بێ ئاگاو ناهۆشیار و نەخوێندەوار بێت و نەتوانی خۆی ڕێکبخاو تواناکانی ئاراستە نەکات. ئەگەر نارەزاییشی هەبێت ئەوا ڕۆڵێکی نێگەتیڤانەی دەبێت و لەگازاندە زیاتر نابێت. لەهەموو گۆڕانکاریەکانی مێژووش هەروا بووە دەبێت ڕێکخستنێك هەبێت خەڵك ئاراستە بکات...**

## درێژەی... دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ نەغەدە عوسمان...

یەکەم کارێک کە من وەک خۆم بڕیارم لە ئەنجامدانی دا لە ڕۆژی ٧/٤ /١٩٨٠ ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی بەعس بوو گرنگترین پیرۆزترین ڕۆژی ئەوان بوو، بەڵام من ئەو ڕۆژەم لێ تێکدان بە دڕاندنی لافیتەکان و شکاندنی تراکتەکانیان، تا ئەمنەکەی ئەو شتانەی هەڵدەواسی پەلاماری دام منیش پەلاماری ئەوم دایەوەو بوو بەشەڕی دەستەویەخە لە کۆتاییدا دەمانچەکە بەرەو ڕوم دەرهێناو بەرەو ساڵۆنی تاکە بینا بەرزەکەی حەسیب ساڵحی ڕاپێچی کردم، ئینجا کەوتە تەلەفۆن کردن بۆ ملازم محسین خۆشبەختانە تا ئەو کاتەی منیان بردە قاتی سێهەمی بیناکە لەوێدا سجنیان کردم. ئەو فرسەتەم هەبوو بیر لە خۆ ڕزگارکردنم بکەمەوە زۆر بە وردی بڕیارمدا لە پەنجەرەی پشتی دەرگای سەرەکیەوە لە قاتی سێهەمەوە خۆشم نازانم چۆن خۆم شۆڕکردەوە بەبێ ئەوەی دیوارەکە هیچ یارمەتیدەر بێت بۆم، ئیتر خۆشبەختانە لەوێدا ژمارەیەک پیکابی بارهەڵگر وەستابوو دەرگای یەکەم دانەم کردەوە دانیشتم خاوەنەکەی کە دی ژنێک لەناو سەیارەکەیدا دانیشتوە بەتوڕەبونەوە وتی تۆ کێیت وتم ئەوهەراو قوەتە دەبینی لەوێدا وتی ئەی چۆن کچێکی لەژیان بێزار هەرای ناوەتەوە، ئێستا ملازم محسین گەیشت هەر لەسەیارەکە دابەزی هاواری کرد دەبێت ئەو کچە بگرم بیکەم بەپەند بۆ هەموو خوێندکاری ئەمشارە سەریان شۆڕکەم، وتم دە ئەوە منم کابرا زرەد بوو وتی هەردەبێ دابەزی منیش هیچم پێنەبوو دەستم برد بۆ جانتاکەم وتم سەرکەوە بێدەنگ بمبە ناو چوارباخ لە ماڵێک خۆم وندەکەم ئیتر تۆش بڕۆ کابرا وایدەزانی دەمانچەم پێیە بە ترس و لەرز سەرکەوت و نازانم پێی چۆن گەشتە بەنزین وەک شەق شەق دەلەرزی هەقی بوو لەتەمندا بوو دیاربوو خاوەنی خێزان بوو بۆ کاسبی هاتبوو، نەک بەڵایەکی لێ پەیدابێت، بۆیە لێرەو داوای لێبوردنی لێدەکەم، بەداخەوە ئەو ماڵەی بوو بە داڵدەدەری من ئەو ژن و پیاوە جوانەو کچە نازدارەکەیان کە بەبێ ترس منیان پاراست زۆر هەوڵمدا دوای ساڵی ٩١ بیدۆزمەوە سوپاسی بێپایانیان بکەم، بەڵام ئەنجامی نەبوو.

لە ساڵی ١٩٨٠ لەڕێگای داقوق کە هەشت مێرد منداڵی بێتاوان لە سەیارەکی سجندا بوو بە قوربانی، کەهەر ماڵە پارچەیەک خەڵوزی بەرکەوت کەس منداڵی خۆی نەدەناسیەوە ئیتر ئەو کارەساتە جەرگبڕە هۆکاری گەڕانەوەی من بوو بۆ خوێندن، بەڵام ئازاری ئاگری دڵی من بۆ برا منداڵەکەم و هاوڕێکانی هەر کڵپەی دەسەند بۆیە لەگەڵ کوڕێکی خاڵم بەناوی شێخ عەزیز بڕیای کوشتنی ملازم موحسینماندا لەناو جەرگەی گەرەکی کانێسکاندا، بۆ ئەو مەبەستە لەڕێی ڕێکخستنەوە دەمانچەو قومبەلەم وەرگرت فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی چەکەکانیان کردم تا ئامادەبم و هەڵە نەکەم، بەڵام بەداخەوە هەواڵمان بۆ هات کە مولازیم موحسین کەبە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی عێراق ئیران نەقڵی شوێنێکی تر کرا تا لەوێش خزمەتی ڕژێمە کۆنەپەرست و سەرکوتگەرەکەی بکات بە گرتن و کوشتنی ئەو کەسانەی کە لەڕێگای ئازادی سەربەخۆیی یەکسانی مرۆڤەکان دەجەنگان.

بەردەوامی من لە کارو چالاکی مەدەنی و سیاسی هەر درێژەی هەیەو دەبێت، بۆ نمونە بەشداریم لە بزوتنەوەی دژی هەژاری، بەزۆری ئەوکاتە بۆ کەمپی ئاوارەکان خۆمان تەرخان کردبوو...

ئێستاش من ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریم و شانازی بە بیرو بۆچون و سیاسەتەکانی حیزبەکەمەوە دەکەم کە بە حزبی پێشرەوەی خەباتی چینی کرێکارانی دەزانم و بەرگریکاری سەرسەختی مافە هاوچەرخ و ڕەواکان و یەکسانی مرۆڤە و بەرگریکاری ریزی پێشەوەی تەواوی مافەکان و ڕزگارکردنی ژنانە لەهەموو چەوسانەوەو ئازاردانێک لەلایەن کۆنەپەرستانەوە. هەروەها ئەندامی تۆڕی هاوکاری و کۆمەڵایەتیم لە بەشی سلێمانی و بەردەوام دەبم لە هەموو کارەکانم بێ وەستان هەرکارێک خزمەت بە کرێکارو زەحمەتکێش و هەژار بکات من لە پێناویدا ئامادەم و دەجەنگم.

**بۆپێشەوە: هۆکاری سەرەکی ئەو هەموو خۆپیشاندان و نارەزایەتیە جەماوەرییە چییە ڕۆژانە لە دژی دەسەڵات ڕودەدات؟**

**نەغەدە عوسمان:** هەروەک باسم کرد، زیاتر لەسی ساڵە دەسەڵاتی کوردایەتی حوکم دەکات، خەڵک چ گۆڕانکاریەک بەسەر ژیانی خۆی و منداڵیدا هاتوە؟ خۆ هەموو شاهید حاڵین کە دەسەڵاتێکی کۆنەپارێزو دواکەوتوو چ دەردی سەرییەکی بەسەر بەکۆمەڵگەی کوردستان هێناوە، زیادبونی ڕێژەی کوشتنی ژنان و زیادبونی منداڵانی سەرجادە بۆ سواڵکردن و کاسبی، ئەوە لەباری پێداویستی خزمەتگوزاری و تەندروستیە ئاشکرایە خەڵکی هەژارو نەدار چەند بێبەشن، هەروەها لایەنی ئارامی ناوشارەکان لەلایەک بەهۆی شەڕی ناوخۆی درێژخایەنی چەند ساڵەیان ئەوە هەر ژیانمان نەبوو، ئێستاش بەهۆی شەڕی نێوان بنەماڵەکان و خێزانی و کێبڕکێی دەسەڵات و دیارنەبونی چارەنوسی کوردستان و هەمیشە لە چاوەڕوانی بەڵاو کارەساتی نمونەی شەنگالین. ئەوە کەڵەکەکردنی سەرمایەیەکی یەکجار زەبەلاح بۆ بنەماڵەکان و بەرپرسە حزبیەکان بۆ هیچ کەس شاراوە نییە، لەم لاشەوە ئەوە حاڵی موچەی تەواوی موچەخۆری ئەم هەرێمەیە، ئیتر دەسەڵات دەبێت لەم ئەنجامەدا چی بەرامبەر بکرێت نەفرەت و ڕاماڵین یان گوڵباران کردنەوەو مانەوە.

**بۆپێشەوە: دوا وتە**

**نەغەدە عوسمان:** من تەنها دەڵێم هەمیشە وە بۆ هەمیشە؛ ئەندامێکی بەردەوامی چالاکیە مەدەنیەکانم هەمیشە شانبەشانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و خوێندکاران، بەتایبەتی ئەو ژنانەی کە لەسەر شۆستەکان بۆ بژێوی ژیانیان ڕکابەری ئاسایش و هێزەکانی دەسەڵات دەکەن، من لەگەڵ ئەوانم؛ بۆ یەک چرکەش لەهیچ کارێکی کۆمۆنستی و سیاسی و چالاکیە مەدەنیەکانم پەشیمان نیم و ژیان فرسەت بدات بەردەوام دەبم.

## درێژەی دوا وتە

دەرماڵەو دەیان ئیمکاناتی تر بۆ خوێندکاران زامنکراوە، سەرجەم خزمەتگوزارییەکانیشیان بە ستانداردی بەرز بۆ فەراهەمە. ئەوە بەجیا لەوەی مامۆستایانیش خاوەنی موچەی پێویست و دەیان دەورەی بردنە سەری توانایی و هونەری دەرس وتنەوەیان بۆ فەراهەمەو باسێک لە بێ موچەیی و موچەبرین و پاشەکەوتکردنی موچە نییە... کەشی ناو خوێندگا و پەیمانگاو زانکۆکان ئارام و دوور لەدەستێوردانی حزبی و پێشکەوتنخوازانەو ئینسانییە.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، لە جێگای وەڵامدانەوە بە خواستی دەرماڵە، باسی کەمترین هاوکاری دەکات بۆ خوێندکارانی کەم دەرامەت... ئەمەش بەمانای ئەوەیە لە جێگای دەرماڵە، سەدەقە بە خوێندکارانی هەژار دەکەن. ئاستی داخوازییەکی روون، دەهێننە خوارەوە بۆ خێر و سەدەقە... ئەمەش نەک وەڵام بەداخوازی خوێندکارن نییە، بەڵکو سوکایەتیەکی ئاشکرایە بە خویندکاران و خواستەکانیان.

خوێندکاران توێژێکی دیاریکراو و گرنگی کۆمەڵگەن و هەموو خویندکارێک بەجیا لەوەی دۆخی خێزانیان چۆنە، پیویستە بە یاسا و بەشیوەی بەردەوام لە دەرماڵەو خزمەتگوزارییەکان بەهرەمەند بن و کەشی زانکۆ و پەیمانگاکان ئارام و دوور لەدەست تیۆەردانی حزبی بن. مامۆستایان موچە و ئیمیازاتی پیویستیان هەبێت نەک لەژێر گوشاری بازاڕدا و بەهۆی موچەی کەم یان بڕین و دواخستنی موچەوە، نەتوانن بە ئەرکی خۆیان هەڵسن.

چ خویندکارو چ مامۆستا، بەر لەهەموو شتێک پێویستە ژیان و گوزەران و خواست و پێداویستیەکانی خوێندنیان بۆ زامن بکرێت، تا بتوانن درێژە بەخوێندن بدەن و ئاستی خوێندن و پەروەردە بەرنە سەرەوە. هیچ زانکۆ و پەیمانگایەک ناتوانێت ئاستی پیویست نیشان بدات، ئەگەر خوێندکاران و مامۆستایانی لە ژێر گوشاری سەختی ژیان بن و خزمەتگوازریی و پیداویستیەکانیان بۆ زامن نەکرێت. لەو نێوەشدا شوینی حەوانەوە، هاتوو چۆ، بەشی ناوخۆیی، بینای گونجاو سەردەمی، تاقیگە و دەوراتی بەهێزکردنی توانایی و دەرماڵەو خزمەتگوزارییەکانیان، لە پیداویستییە سەرەکیەکانن.

هەوڵ دانی دەسەڵات بۆ ئەوەی خوێندکاران بەسەدەقە و خێرو خێرات مل بدەن، باشترین بەڵگەی بێ مۆراڵی دەسەڵات و ناکۆکیەتی لەگەڵ خویندن و پەروەردەو زانستدا.

هۆکاری دوبارەی دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانی خوێندکاران رەتکردنەوەی ئەو سیاسەتە شکستخواردووەی هەرێمە لە پرۆسیسی خوێندندا، وەڵامە بە بێدەبەستی وەزارەتی خوێندنی بالاو دەسەڵات... "نا" وتنە بە سەدەقە و خێر و خێرات و پێداگرتنە لە بەهرەمەند بوون بە دەرماڵەیەکی گونجاو، نەک خێر و سەدەقە، یان دەرماڵەیەک کە بەشی دابینکردنی کەمترین پیداویستی خوێندکاران ناکات... ئاخر ١٠٠ هەزار دینار لە هەلومەرجی ئیستای کوردستاندا بۆ مانگانەی خوێندکارێک خۆی لەسەدەقە دەچێت تا وەڵامدانەوە بە ویستی خوێندکاران. کەچی دەسەڵات ئەو ١٠٠ هەزارەش بە ڕەوا بە خوێندکاران ڕەوا نابینێت.

خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان... مافێکی سەرەتایی خۆیانە لە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین بەردەوام بن، تا دەسەڵات ناچار دەبێت دەرماڵەی گونجاو و پێداویستی و خزمەتگوازرییەکانیان بۆ فەراهەم دەکات... دیارە پێویستە خەڵکی کوردستانیش لە پێشیانەوە مامۆستایان و کارمەندانی سلکی پەروەردە، پشتیوانی لە داوای رەوای خوێندکاران بکەن، کەسوکاری خویندکاران کە زوربەیان ژیانێکی مەمرەو مەژیان هەیە، ئەرکیانە پشتیوانی لە رۆڵەکانیان بکەن و ببنەگوشار لەسەر دەسەڵات، تا خواست و ویستی خوێندکاران بەدی دێت.

هەر ئیستا کە خوێندکاران لەسەر شەقامەکانن بۆ دەرماڵە و خزمەتگوازرییەکان، بەرپرسانی حزب و حکومەت ژیانی فیرعەونیان بۆ خۆیان فەراهەم کردووە، کوڕ و کچەکانیان، لە پەیمانگا و زانکۆ تایبەتییەکانی جیهاندا بە گیرفانی پڕەوە، دەخوێنن. هەر ئێستا کە خویندکاران داوای دەرماڵە دەکەن، باسی موڵکێکی سەرۆکی حکومەت!! لە ئەمریکا دەکرێت بە بەهای زیاتر لە ١٨ ملیۆن دۆلار... ئەم نابەرابەرییە قوڵە، سەرچاوەی زۆرێک لە خۆپیشاندانەکانی جەماوەری بێبەشی کوردستانە.

خویندکاران لەم سەردەمەی پێشرەوی زانست و دەستراگەیشتن بەسەرچاوەکانی زانیاری، ناتوانرێت فریوی فریوکارییەکانی دەسەڵات و بەرپرسەکان بخۆن و مل بدەن بە سەدەقەو خێرو خێرات. بۆیە پیویستە دەسەڵاتی سیاسی دەست لە سوکایەتی بە خوێندکاران هەڵبگرێت و واز لە لۆژیکی نا لۆژیکی بهینێت و لە جیاتی سەدەقە و خێر، بەخیرای دەرمالەی خوێندکاران بەپێی پیداویستی خوێندکاران بدات و دەستیش لەم سەرکوت و داپڵۆسینە هەڵبگرێت، کە لەبەرامبەر بە خوێندکاران و چالاکوانی بەشدار تیایدا، بەدەستیەوە گرتووە. پێویستە دەست بەجێی و بێ قەیدو شەرت هەموو گیراوەکان ئازاد بکرێن و قەرەبوو بکرێنەوە.

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدولا مەحمود
راوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

دێرین عیزالدین، حەسەن رازانی، ئاراس رەشید، هەتاو عەبدولاهی، عەبدولا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر،جەمال نوری، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، خالید بایەزیدی،حەکیم میرزا،عەلی عەزیز

**لەگەڵ دۆسیەکی تاییەت سەبارەت بە"عێراق و کوردستان دواى هەڵبژاردنەکان"**


بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

## دوا وتە

# سەدەقە یان دەرماڵە!!

**عەبدولا مەحمود**

دوای چەند ڕۆژ لە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی سەراسەری کوردستان، بۆ دەرماڵەو چاککردنی بەشەناوخۆییەکان و خزمەتگوزارییەکان، دەسەلاتی سیاسی ناچار بوو، لەگەڵ بەشیک لە خوێندکاران کۆببنەوەو هەندێک بەڵینی نیوەناچڵ بدەن. دیارە کۆبونەوەکانیش زۆتر لەگەڵ بەشێک خویندکارانی سەر بە ریکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکانی خۆیان بوو تا لەگەڵ نوینەری راستەقینەی خوێندکاران و قوتابیاندا.



لەو کۆبونەوانەدا لە جیگای بەڵێن دان بە خواستی دابینکردنی دەرماڵە بەخوێندکاران، کە لەساڵی ٢٠١٤ و بە پاساوی دابەزینی نرجی نەوت و شەری داعش لێیان بڕدراوە، بەڵینی دابینکردنی بڕیک پارەیان کرد بۆ چاککردنی بەشە ناوخۆییەکان و هاوکاتیش هاوکاریکردنی خوێندکارانی کەم دەرامەت، لە کاتێکدا خوێندکاران داوای دەرماڵەیان وەکو مافێکی خۆیان دەکرد بێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی خێزانی خوێندکاران و قوتابیان.

ئەم بەڵێنە نیوە ناچل و نا زەمانەتکراوە، بووە هۆی ئەوەی جارێکی تر بەشێک لە خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەست بدەنەوە نارەزایەتی دەربرین و کۆبونەوە و خۆپیشاندان.

لەبەرامبەر بە دوبارە دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکانی خوێندکاراندا، هێزە ئەمنییەکانی دەسەلات بەوپەڕی دڵرەقیەوە مامەڵە لەگەڵ خویندکاران دەکەن کە بۆ خواستی زۆر سادەو رەوای خۆیان هاتوونەتە مەیدان.

دەسەلاتی سیاسی هەرێم، لەئاستی بالاییدا لە بێ ئاگایان دەڵێن خوێندنی خۆرایی و دەرماڵە لە دنیادا نییە، لە کاتێکدا پێچەوانەی ئەو لێدوانە راستە و لە زوربەی زۆری ولاتانی دنیادا، هەم خوێندن خۆراییەو هەم

بۆ لاپەڕە 12

## چەند شیعریکی/ خالید بایەزیدی(دلیر)




دەلاقەیەك
تووره بوو
چونکە دەیویست
لە دیواری زیندانێکدا
جێگیری کەن
.......................................
کرێکاران
هەموو ئێش و ئازارەکانیان
لەبەرە
بە ئازارەوە دەژین
بە ئازارە وە دەمرن
.......................................
وەرن با شەقامەکان
فێری راپەڕین بکەین

بێدەنگی
لەسە ر لێوەکان بشکێنین
تۆوی خوشەویستی بچێنین
مافەکانمان
لە سەرمایەدار بستینین
.......................................
کرێکارانی شارەوانی
شەقامە ماندووکانی
لەخەم و پەژارە
گەسك دەدا
.......................................
ژنێك...
هەموو ئاواتە نەپشکوتوەکانی
تەنیا و تەنیا...
بە پارووە نانێك
هەراج دەکرد
کۆترێکی خەمبار
لەسەر شانەکانی نیشت و

ئاسمان...
ئاسمان هەڵفڕی
باران بە ڕێژنە دەباری
.......................................
کرێکارێك!
لەگەڵ
ئێش و ئازارەکانی
سەمای دەکرد
تاکو و مردن
لەبیر ژیان بباتەوە
.......................................
زستان!
ئەگەر بۆ
ماڵە بچکوولەکەی
من هاتی
هەتاوم بۆ بهێنە

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح




## خوێنەرانی ئازیزی بۆپێشەوە...

**بە ئاگادارێتان دەگەیەنین، کە بەهۆی پشووەکانی سەری ساڵەوە، بۆپێشەوە لە1-1-2022 دەرناچێت و ژمارەی داهاتوو دەکەوێتە... بەرواری 15-1-2022**

**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو بەرواری 13-1-2022**